

## پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ: ویستم ببمە چیرۆکنووس، بەڵام نەبووم بەو چیرۆکنووسە.. دۆخی خوێندن و زانکۆش لە کوردستاندا تەواو تێکچووە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٤)**

* د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، ناوێکی ناسراوە و بە هەموو لایەک ئاشنایە، ئەو پتر لە (٦٠) ساڵە بە سیاسەت کردن و خوێندنەوە و نووسینەوە خەریکە، بەرهەمی ساڵانی نووسینی گەیشتوونەتە (٨٩) کتێبی چاپکراو، چوار کتێبیشی لە ئێستادا ئامادەن بۆ چاپ کردن.

* لە ژیانی نووسین و کارکردنی خۆیدا لە زۆر ژانر و بواردا خۆی تاقی کردووەتەوە و جێ دەستی دیارە لەوانە: شیعر، چیرۆک، وتار، لێکۆڵینەوە، ڕەخنە، ساغکردنەوە، وەرگێڕان، کونجی ڕۆژنامەوانی و...تاد، بەم بەخششە بەردەوامانەی توانیویەتی زۆر کەلێنی گرنگ و پێویست لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە.

* لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ئەدەب پەروەردا چاوی کردووەتەوە، هاوشانی یەکتر لە حوجرە و مەکتەبدا خوێندوویەتی، بەهۆی هاموشۆی نووسەران و شاعیران کە سەردانی باوکی و مامیان کردووە، هەر لە زووەوە زۆر کەسی گرنگی ناسیوە، دواتر لە ساڵانی ئەزموونی نووسینی خۆیدا تۆڕێکی بەربڵاوی پێوەندی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەدیبان و نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووساندا پەیدا کردووە، ئەو پێوەندییانەشی هەر بە ڕۆشنبیرانی ئەو پارچەیە نەگیرساوەتەوە، بگرە پەلی بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هاویشتووە، بەمەش ئەزموونی ئەدەبی و ئاستی ڕۆشنبیری بەرزتر و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر بووە.

* بێجگە لە نووسین بەکاری ڕۆژنامەگەریشەوە خەریک بووە، لە ڕۆژنامەی (ئازادی) و (ژین) و (ڕێگای کوردستان) بە زمانی کوردی کاری کردووە، هەروەها لە گۆڤاری (کۆلیژی ئەدەبیات) ئەندامی دەستەی نووسەران بووە، بە زمانی عەرەبیش لە ڕۆژنامەکانی (اتحاد الشعب) و (طريق كوردستان)دا کاری کردووە،

که له سوریاش ژیاوه بۆ ڕۆژنامه و گۆڤارەکانی ئەوێی نووسیوه و هاوکاریان بووه.

* بێجگه له حوجره، له خوێندنی ئەوەلی و سەرەتاییدا به کوردی خوێندوویەتی و لەسەر دەستی مامۆستایان: جەلالی مەلا کاکه حەمه و حامید فەرەج و فوئاد ڕەشید بەکر و کەریم زەند دەرسیان پێ وتووه، لەوانەوە فێری زمانی کوردی بووه، هەرچەندە وەک هەر نووسەرێکی دیکەی کورد به وردە شیعر دەستی پێکردووه، بەڵام یەکەم نووسینی به زمانی کوردی له ڕۆژنامەی (ژین)، له ساڵی ١٩٥٠دا بلاوکراوەتەوە، بۆیه ئەمڕۆ به یەکێک له کوردی نووسه باشەکان دادەنرێ.

* سەرەتای دەست پێکردنی، به نووسینی عەرەبی دەستی پێکردووه، لەو کاتەدا له بەغدا له کوللیەی شەریعه بووه، سەرەتا له ڕۆژنامەی (النداء) که نوورەددین داودی کەرکووکی دەری کردووه تێهەڵچووه، لەو ڕۆژنامەیەدا چەندان وتاری نووسیوه، پاشان بەرهەم و نووسینێکی زۆری خۆی به زمانی کوردی و عەرەبی بلاوکردووەتەوە، کە بەشێکی زۆری ئەو وتارانەی بەناوی خوازراو بوون.

* له ساڵی ١٩٦٥ـەوە باوەڕنامەی کاندیدادی له یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسا وەرگرتووه که بەرانبەره به (P.H.D)ی بەریتانیا، دواتر ساڵی ١٩٧٥ دکتۆرای ناووکی (P.H.C) وەرگرتووه، که تەنیا سێ کەس له ڕۆژهەڵات ئەو دکتۆرایەیان وەرگرتووه، د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و د. کەمال مەزهەر و ئەمیل تۆما که له سەرکردایەتی حزبی شیوعی فەلەستینی بووه، مەرجیش بۆ وەرگرتنی ئەو دکتۆرایه ئەوەیه ئەو کەسه کۆمەڵێ کتێبی دانراوی لەسەر مێزەکه پاڵ کەوتبێ، که خوێندنی تەواو کردووه و گەڕاوەتەوە، بووەتە مامۆستای زانکۆ، لەو ساڵەوە ١٩٦٤-١٩٦٥ قوتابی ماستەر و دکتۆرای هەبووه، تا ئەو ڕۆژەی له زانکۆ نەماوه و خانەنشین بووه، به دەیان کورد و عەرەب لەسەر دەستی ئەو تێزی ماستەر و دکتۆرایان وەرگرتووه.

* له مێژبوو دەمانویست گفتوگۆیەکی هەمەلایەن و تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەین، بەڵام ڕێک نەدەکەوت، تا دواجار له ساڵی (٢٠١١)ـەوە، به چەند قۆناغێک و دوای کۆمەڵێک سەردانی سلێمانی (١٢) کاتژمێر



**ئازاد عەبدولواحید – د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ**

قسەم لەگەڵدا تۆمار کرد، دوای پیادەکردنی قسەکانیش چەندان جاری دی سەردانی شاری سلێمانیم کردووه بۆ دڵنیابوون له گێڕانەوەی قسەکان و ڕووداوەکان، خەریکبوونی ئەو چەند ساڵەم ئەو هەڤپەیڤینەی لێ کەوتەوە، با به یەکەوە بخوێنینەوە.

**ڕامان:** چۆن بوو هەردی سەردانی بەغدای کردبوو، هەروا هاتبوو، یان ئیشێکی هەبوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ڕەفیق حیلمی له عەمارە بەڕێوەبەری مەعاریف بوو، ئەو ناردبووی به دوایدا، ئەو وەختە بەڕێوەبەری مەعاریف دەیتوانی مامۆستا دابمەزرێنێ، ئەو له سلێمانی فەسڵ کرابوو، چووبوو لەو (عەلی غەربی)یە بووبوو به مامۆستا، هاوینان دەهاتەوە سلێمانی، که هاتەوە بیروباوەڕی گۆڕابوو، عومەر عارف دەیوت هەردی دەخواتەوە، مەعلووم لەو (عەلی غەربی)یە کێشەی بووه، مامۆستایانی (عەلی غەربی) زۆریان کورد بوون، ئێستاش ڕەنگە کورد لەوێ زۆر بن، عەمارە زۆریان کورد بوون، لەوێ کێشە و گرفتی بووه، بۆیە به ڕقێکی دژی عەرەبەوە هاتەوە، که هاتەوە ڕووی کردە کاژیک و دەستیان پێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی گەورەیە، مێژوویەکی هەیە، شتی خراپی نەکردووه، به کەس بەراوردی ناکەم، که شیوعی بوو، جەمال نەبەز بیروڕای لەسەری باش نەبوو، بەڵام ئەوە ئێستا جەمال نەبەزە و کتێبەکەیت لەسەر کاژیک دیوە؟

**ڕامان:** بەڵێ، دیومه کتێبێکی باش نییه، زمانەکەی زۆر زبره، تەنانەت له شوێنێکدا دەڵێ هەردی که چوو له

دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە سکرتێری پاسۆک، پرسی بە من نەکرد، مامۆستا هەردی هی ئەوە نییە پرس بە کەس بکات.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئاخر ئەو دەمێکە لە کاژیک و پاسۆکدا نەماوە، کامیل ژیر نەبێ، هەرچەندە قەت پێی ناڵێم ژیر، کاکە تۆ ئازاد عەبدولواحیدی، عەبدولواحید ناوی باوکتە، عەین بووە بە حەرفێکی کوردی، ڕەنگە کۆن کوردی ئەمەی تێدا نەبووبێت، بەڵام تۆ بنووسی ئازاد ئەبدولواهید، ناکرێت.

**ڕامان:** ڕاستە، منیش بەوە ڕازی نابم ناوی باوکم بەو دەردە ببرێ.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نازناوی خێزانیی ئێوە چییە؟

**ڕامان:** بەگیخانی.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** باشە، کەواتە "خێ"ش کوردی نییە. ڕەنگە بەعەزە حەرفێک لە کوردیی کۆندا نەبووبن، ئێستا هاتوونەتە ناوەوە، جەمال نەبەز لە ساڵی ١٩٦٢ـەوە کە ڕۆیشتووە، نەهاتووەتەوە، باپیری جەمال نەبەز تورکی ئیستەنبوڵ بوو، ناوی مەحموود بوو، باوکیشی ناوی حاجی تۆفیقی تازەدەوڵەمەند بوو.

**ڕامان:** ئەوە نازناوی خێزانیی ئەوان بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا.

**ڕامان:** بۆچی تازەدەوڵەمەند؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** چونکە لەپڕ ناردوویانە بەدوایدا، وەرە، گۆیا مامێکی لە ئیستەنبوڵ مردووە و وەرەسەی نییە تۆ نەبی، چوو پارەی هێنایەوە، ئیتر ناوەکە مایەوە و تا ئێستاش هەر تازەدەوڵەمەندی پێ دەڵێن، ئەویش حیکایەتی زۆرە، تەنانەت لە سەرەتاییەوە لەگەڵ من ڕەفیق بووین، لە ناوەندیدا پێکەوە بووین، لە کوللیە لە ژوورێکدا ساڵێک پێکەوە نووستووین. لە بەشی ناوخۆ پێکەوە بووین، ئەو لە بەشی فیزیا بوو، نەنکی برایم ئەحمەد هەمیشە دەیوت مەمنوونی مەحموودم (مەبەستی باپیری جەمال نەبەز بوو) کە ڕەمزی کوڕمی بۆ کردم بە خوێندەوار، دیارە ڕەمزی مامی ئیبراهیم ئەحمەدە.

**ڕامان:** تۆ پێت باشتر نەبوو د. جەمال نەبەز بە تەواوی خۆی بۆ ئەدەبیات و هزر و وەرگێڕان و زمان تەرخان بکات، ئەمەت بۆ ئەو پێ گونجاوتر نییە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەو، ئیتر ئەوەیە کە هەیە، بەڵام لەوەتی ڕۆیشتووە، نەهاتووەتەوە.

**ڕامان:** ئێستا هیچ پێوەندیتان نییە، بە نامە، یان بە تەلەفۆن؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەینێکە نا، لە پاریس جارێک دیم، د. کەنداڵ نەزان دەعوەتی کردبووین، دانیشتبووین وتی ئەمە کێیە؟ وتم ئەوە نەزەندە، خۆی گزینگی ناوە، کردوویەتی بە نەزەند. وتی ئەی بۆ لەقەبێکی دیکە بۆ خۆی نادۆزێتەوە؟ ئیتر ئاوا بە هێنێکەوە، بەڵام نەزەند، بڵێین گزینگ فەرەنسییەکی باشیش قسە دەکات، لەو سیمینارەی کە کەنداڵ نەزان کردبووی، تەرجەمەی کوردی بۆ فەرەنسی، فەرەنسی بۆ کوردی دەکرد. ئەوە ئینگلیزییەکە فێر بووە، فێر بووە، بەڵام ئەو فەرەنسییە باشە لە کوێ فێر بووە، نازانم.

> **جگەر خوێن شیعری نیشتمانی هەیە، بەڵام ئەو شاعیرە گەورەیە نییە.**

**ڕامان:** ١٤ ساڵ لەپاریس خوێندی، دکتۆراکەی لەوێ وەرگرتووە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** لە فەرەنسا؟ ئەوەم نەدەزانی.

**ڕامان:** (وێنەی ژنی کورد لەلای گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان)، ئەوە ناوونیشانی ئوتروحەکەیەتی. بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنت بۆ ئەو کەسایەتییە چییە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کوردێکە و شتی نووسیوە و شتی باشیشی هەیە، بەڵام ئەو کتێبەی بەلای منەوە کتێبێکی چاک نییە، خۆ لەوێ بە خراپیش باسی منی نەکردووە.

**ڕامان:** لەو کتێبەدا زۆرتر لەسەر کاژیک و پاسۆکەکان قسەی کردووە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵام ئەو زۆر قسەی کردووە کە وا نییە، ئێستا فاررووقی برام شکایەتی لێ کردووە، ئەو دەڵێ گوایە فاررووق لە ئێران وەکیلی ماددیی مام جەلال بووە، بەوە بووە بە ملیاردێر، دە شتی وا نییە، فاررووق ئێرانی نەدیوە. عەبدوڵڵا ئاگرین لە ئەڵمانیا داوای لەسەر قەید کردووە، ناوی لێ ناوە عەبە

خۆڵەمێش، وای ناو ناوە.

**ڕامان:** بە هەرحاڵ شتێکی باشی نەکردووە، ئەو کتێبەی بەو زمانە زبرە بڵاوکردووەتەوە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نانا، شتێکی باش نییە. دەزانی چییە ئەو کەسێکی دوورەپەرێزە، لەوێش لە چەند کەسێک بەولاوە کەسی تری نییە، سەرەتا کە چووە ئەوێ، فریاد فازیل لەگەڵیدا زۆر ڕێک بوو، بیرمە تەنانەت لە ماڵی ئەو کچەی کە لەگەڵیدا دەژیا، هانا لورا، دەعوەتی کردین، وتم ئەوە بۆ مارەی ناکەی؟ وتی من ڕێزی خوشکەکانم دەگرم، بۆ باوکم نەیدان بە شوو، لەبەر ئەوە منیش مارەی ناکەم، ئاوا پێکەوە دەژین، لەگەڵ فریاد فازیل زۆر ڕێک بوون، دوایی تێکی دا.

**ڕامان:** وابزانم لەسەر سەرۆکایەتیی بەشەکەی زانکۆی بەرلینی ئازاد بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** باوەڕ مەکە، ئەوان بیروڕایان لێک دوور بوو، فریاد فازیل بە ئەفکار و بە پێوەندی زیاتر لە پارتییەوە نزیکە، کوڕێکی باشیشە، ئاخر ئەوان بە ئەسڵ زەنگەنەن، باوکی حاجی عومەری سەلیم لە سەرشەقام قەساب بوو، لەگەڵ کەمال فوئاد زۆر ڕێک نەبوو، بەڵام ئەو ماوەیەی کەمال فوئاد لە ئەڵمانیا نەخۆش بوو، هەموو ڕۆژێ فەریاد چووە بۆ لای و سەری داوە، کە ڕێگای سەعات و نیوێکە، بەرلین گەورەیە، پیاوەتیی زۆر تێدایە، ڕەنگە تۆ لە بەعزێک شتی ڕازی نەبیت، من ئەوەیم لا باش بێ، بەڵام ئەو کە لەگەڵی ڕێک بوو، سەرەتا دەچووە لای، زۆر ڕۆژیش هەر لەلای فریاد فازیل دەمایەوە، فریاد خۆی خواردنی باش دروست دەکات، لەوێ نانی دەخوارد، ئەوە هیچ نییە، ئاساییە. جەمال نەبەز دوو سێ ساڵیش لە من گەورەترە، بەڵام سیحەتی باشە، ئەو دەبێ واز لەم جۆرە نووسینانە بێنێت، خەریکی بابەتی زمان و ئەدەبیات و وەرگێڕان بێت، پسپۆڕییەکەی فیزیایە، بەڵام کوردییەکی باش دەزانێ، عەرەبییەکی باش دەزانێ، لە هەردووکیشی باشە، ئینگلیزییەکەشی باشە.

**ڕامان:** زمانی ئەڵمانی باش دەزانێ.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەڵمانییەکەی دەبێ باش بێ، بەڵام ئەو هەموو ساڵە لەوێیە، هانا لورا ئەڵمانییە، ئیتر خەریکی هێندێک لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبیات بێت، لەمە چاکترە.

**ڕامان:** لە شەستەکان گەردەلوولی شەکسپیری وەرگێڕا، بێجگە لە وەرگێڕان کتێب و نووسینی باشی هەیە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا ئا.

**ڕامان:** بێینەوە لای خۆت، ئەو عەرووزەی دەیزانی، تۆ لە کوێوە فێری بووی، لە خوێندنی حوجرە، یان لە بەشی عەرەبی فێری بووی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نانا، لە کوللیە فێری بووم، لە بەشی عەرەبی، کەمال ئیبراهیم پێی دەوتین، کەمال ئیبراهیم سەرفی پێ وتین، کتێبێکی هەبوو (عمدة الصرف)، لەگەڵ عەرووزدا ئەو پێی دەوتین.

**ڕامان:** عەرووزی باش دەزانی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، ئەو وەختە دە پازدە مامۆستای کوللیە هەبوون زۆر باش بوون، عەرەب و تورکمان بوون، ئەو فەوزایەی ئێستا نەبوو.

**ڕامان:** عەرەبی زانینەکەت زۆرتر قەرزداری حوجرەیە، یان بەشی عەرەبییە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ڕەنگە زیاتر هی باوکم و مزگەوت بێ، چونکە باشم لای باوکم خوێند، بەڵام سوودی باشم لەوێش وەرگرت. لە سووریا، سەعید ئەفغانی نەحوی پێ وتین، زانا و عەلامەیەکی گەورە بوو، سوودی زۆرم لێ وەرگرت. موغنی ئەللبیب، لێکۆڵینەوەی نەحو لەڕێی ئەدەواتەوەی پێ وتین "من، فی، علی" چەند مەعنایان هەیە. سەعید ئەفغانی کە نەحوی پێ وتین، نازانم ئەو ئەفغانییە چییە، چونکە یەک دوو جار لە دەرسەکاندا ناوی کوردی دەهێنا، کە بۆ ئەو وەختە لە سووریا خەتەر بوو، ئەوسا سووریای ئێستا نەبوو.

**ڕامان:** بە دیاریکراوی لەلای باوکت چیت خوێند؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوانەی لە مزگەوت دەخوێنرێت، لای باوکم خوێندوومە.

**ڕامان:** هەر هەموویت خوێندووە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ڕەوانبێژیم خوێند، هی تەفتازانی، تەفتازانی سێ جوزئە، هەموو خوێندنی مزگەوتم لەلای باوکم خوێندووە.

**ڕامان:** لە مزگەوتی باپیرت کە باوکیشت مەلایەتیی تێدا کردووە، بارزانیش کە دەڵێی لای باوکم خوێندوویەتی، لای باوکت چی خوێندووە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، ئەو بەلاغەیەی

تەفتازانی لای باوکم خوێندووە، بەڵام کاک مەسعوود لەو دواییانەدا پێی وتم باوکت ئیجازەیشی داوەتێ.

**رامان:** دیارە ئیجازەکەیشی لەلا ماوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** دیارە، دەبێ لای مابێ.

**رامان:** تۆ هیچت بیر ماوە، کە بارزانییەکان بۆ ئێرە دوور خرابوونەوە، ژیانیان، پێوەندییان چۆن بوو؟ خەڵکی شاری سلێمانی چۆن پێشوازییان لێیان کرد؟ وەک دوورخراوە لەلایەن حکومەتەوە، خەڵکە سۆزێکیان لەگەڵیان هەبوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** شێخ ئەحمەد نەدەچووە دەرەوە، باوکم دەیناردین بۆ لای مەلا مستەفا، من ئەوسا دیومە، مەلا مستەفا دەهات، لە مزگەوتی ئێمە موختەسەری تەفتازانی، ئەو سێ جوزئەی لای باوکم دەخوێند، لە تەمەن زۆر لەمن گەورەتر بوو، نەمپرسی چی خوێندووە، دەچووە دوکانی ئەسکەندەری ئەزاچی، ئینجا سەیرە، کە هاتەوە، چووە لای ئەسکەندەر و سەردانی کرد.

**رامان:** ئەوە یەکەم ئەزاخانەیە لە سلێمانی، دوای ئەو ئەزاخانەی نووری عەلی پەیدا بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، ئەسکەندەر ئەرمەنی بوو، بەڵام لێرە پیاوێکی دیار بوو.

**رامان:** کوردی فێر بووبوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا ئا، مەلا مستەفا دەچوو بۆ لای، سوورێن برای ئەسکەندەرە، لە فەیسەڵییە لەگەڵ ئێمە بوو. دیکرانی برای، کارەبایی بوو، لە سلێمانی دیار بوون، ئەرمنی بوون، مەلا مستەفا کە هاتەوە چوو بۆ لای ئەسکەندەر، ئەوە وەفایە، خەڵک دەڵێن ڕەنگە ئەو وەختە یارمەتیی دابێت. مەلا مستەفا، شێخ مەحموودیشی زۆر خۆش دەویست، ئەویش هەرچەندە گیر بوو، بەڵام ڕەنگە لە ناحیەی ماددی یارمەتیی دابن، ئەوە خۆ ناوترێ، نە ئەم دەیڵێ، نە ئەو دەیڵێ، بەڵام جارەها کە ناوی شێخ مەحموود هاتووە، ئەو زۆر بە گەورەییەوە باسی شێخ مەحموودی کردووە.

**رامان:** وایە، زۆر ڕاستە، ئەی وەک لەبیرت بێ خەڵکی سلێمانی، لەو ساڵانەدا هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ بارزانییەکان چۆن بوو؟ ئەو بارزانییانەی کە بۆ شاری سلێمانی دوورخرابوونەوە؟



**دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: جەمال نەبەز، بەشیر موشیر، قەدری جان. وەستاو: عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا، یانەی سەرکەوتنی کوردان، ١٩٥٨.**

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** باش بوو، بەڵام دۆخی ژیان و گوزەرانیان زۆر خراپ بوو.

**رامان:** ژمارەیان زۆر بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نازانم چەندێک بوون، دوو کوڕی حەکیمی کانی لەنج هەبوون، لە حوجرەی شێخ نەجمەددین شێخ عارف، لەگەڵ مندا خوێندوویانە، ئەوانەم دەناسی.

**رامان:** ئەمانە کێ بوون؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** سلێمان و برا بچووکەکەی کە بارزانی بوون، کوڕانی حەکیمی کانی لەنج بوون.

**رامان:** کانی لەنج کوێ کەوتووە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کە لە زێی بادینان دەپەڕیتەوە، گوندێک هەیە، ناوی (کانی لەنج)ـە، پاشان لەو عومرەدا نەبووم، کە تێکەڵ بم و باوکم خۆی جارێک وتبووی دەمەوێ شێخ ئەحمەد ببینم، مەلا مستەفا بردبووی بۆ لای، سەیریشە شێخ ئەحمەد لەو سەفەرەی لەگەڵ عەزیز شەریف چووین بۆ لای، باسی سلێمانیی کرد، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، دیارە تێکەڵییان هەبوو، لەگەڵ ڕەشید موختار، کە مامی حەمەسدیق بوو، ئەوانیش وابزانم پێوەندییەکی ژن و ژنخوازییان هەبوو، ئەو دووانەی لە سلێمانی باس کرد، وتی سلێمانی پیاوی چاکی تێدایە، بەڵام من پێم وت کوڕی فلانم، زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کردم.

**رامان:** بێجگە لە مزگەوتی باوکت، وابزانم بارزانی لە سلێمانی چووەتە مزگەوتەکەی باوکی (شێخ محەمەدی

خاڵ)یش، مزگەوتی ئەمین خاڵ؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نا، باوکم لە خانەقای مەولانا بووبوو بە خەتیب، کە یەکەم خانەقاش بوو عومەر عەلی لە دژی شێخان هانی دا، بەپێی مەزهەبی شافیعی هەر دەبێ لە یەک مزگەوت جومعە بکرێت، ئەگەر بوو بە دوو جومعە، دەبێ چوار ڕکاعەتەکە بکەیتەوە، بەڵام شێخ ڕەئووفی شێخ مەحموود هاتە لای باوکم، وتی ئەوە عومەر عەلی موتەسەڕیف خانەقای کرد بە شوێنی جومعە، لە ڕقی مزگەوتی گەورە، ئێمە دەمانەوێ تۆ لەوێ ببیت بە خەتیب. وتی ئاخر من نایکەم و چی و چی و... وتی ئاخر ئێمە وامان دەوێت، شێخ ڕەئووفی شێخ مەحموود پێی وتبوو، بۆ ئەوەی شێخ محەمەدی خاڵ لەوێشەوە نەچێ قسەمان پێ بڵێت، چونکە شێخ محەمەدی خاڵ لەسەر مینبەری مزگەوتی گەورە، جارێک بەعزێک قسەی بە شێخ مەحموود وتبوو، ئیتر باوکم وەک خەتیب چوو.

**ڕامان:** ئەی مزگەوتێک هەبووە، دەڵێن بارزانی هاتوچۆی کردووە، نەتزانیوە کامەیە؟ ئەو مزگەوتە نییە کە تیایدا مەلا عەبدوڵڵای چرووستانی دەرسی پێ وتووەتەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ڕەنگە ئەو مزگەوتەی مام بێ، مزگەوتی بن تەبەق، چونکە بەینێک لەو گەڕەکە بوون، لە ماڵی ئەمین بەگدا بوون، ژوور دوکانەکەی عەلی فەوتاو، لەوێوە دەهاتە مزگەوتەکەی ئێمە.

**ڕامان:** وتت لە بەغداوە کە لە سنفی دوو فەسڵیان کردی، چووی بۆ سووریا، چەند لەوێ مایتەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** سێ ساڵ.

**ڕامان:** هەر کە چوویتە سووریا لەوێ کێت ناسی و کێت بینی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئینجا کێم نەناسی.

**ڕامان:** هەموو کەسایەتییەکانی دنیای سیاسەت و ئەدەبیاتت ناسی، ئەوەی سیاسییە، ئەوەی نووسەرە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بە (عوسمان سەبری)یەوە، بە (جگەرخوێن)ەوە، بە نوورەدین زازاوە، پێش هەموویان بە خالید بەگداشەوە، هەموویانم ناسی.

**ڕامان:** یەکەم جار (خالید بەگداش)ت ناسی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا ئا، بە ڕێکخستنی زانکۆ حیمایەی ماڵەکەیان دەکرد، ئەوانی تر ماڵیان لەوێ بوو، کەسوکاریان هەبوو، تەنیا من ماڵم نەبوو، بەردەوام دەچووم بۆ لای. ئەو کە دەیزانی لەبەر دەرگام، بانگی دەکردمە ژوورەوە، ئیتر دەستی پێ دەکرد، قسەمان دەکرد، زۆریش کورد بوو، دوای شیوعی بوون، کوردایەتییەکەی نەڵێم کاژیک، بەڵام بابەتێکی نەتەوەیی کورد بوو.

**ڕامان:** هەر بە عەرەبییش قسەی دەکرد؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نەخێر، بە کوردیش قسەی دەکرد.

**ڕامان:** منداڵەکانیشی کوردییان دەزانی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** عەممار و سەلامی هەبوو، من بە کوردی قسەم لەگەڵ نەکردوون، بەڵام ژنەکەی کوردیی زۆر باش دەزانی، ویساڵ فەرهاد، دەیوت خالید بەگداش، ئەز کرمانجێ نوقستانم، دەیوت نووسین و خوێندن باش نازانم، بەڵام دیارە عەممار نووسین و خوێندن بە کوردی باش دەزانێ، ویساڵی ژنی شیعری جگەرخوێنی زۆر لەبەرە.

**کوردۆییف بۆ هەستی کوردایەتی زۆر کورد بوو، مەلا مستەفای بارزانیشی زۆر خۆشدەویست.**

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ جگەرخوێن، وابزانم لەو ماوەیەدا دانیشتنت لەگەڵ جگەرخوێن لەوانی دیکە زۆرتر بووە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** هەر زۆریش، لە ماڵی فوئاد قەدری جەمیل پاشا، من ماڵی ئەوان زۆر دەچووم، قەدری بەگ، ئەکرەم بەگ، حەسەن ئاغای حاجۆ، ئینجا ئەوە سەیرە، ئەوانە دەعوەتیان هەبوو، مەمدووح سەلیم، کە دامەزرێنەری خۆیبوونە، من گەنجێک و قوتابییەک، شەخسیاتیان دەعوەت دەکرد، کەچی لە هەموو ئەو دەعوەتانەدا منی تێدا بووم، دەهاتن بە دوامدا، قەدری جان بەتایبەتی دەهات بەدوامدا و دەیبردم.

**ڕامان:** لەو سێ ساڵەدا ئەزموونێکی باشت لەوێ وەرگرت؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، لەگەڵ قەدری جان لە هەموویان نزیکتر بووم، فوئادیش، فوئاد قەدری، فوئاد کوڕی قەدری بەگ نییە، بەڵام ئەو دواییە کوڕەکەی فوئاد قەدری بوو بە وەزیری ئابووری و ئێستا چووە بۆ مۆسکۆ، بەڵام فەلاموز قەدری، من بۆ حزبی شیوعی تەرشیحم

کرد، دوایی بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لەو دواییەدا کردیان بە وەزیری ئابووری، ئێستا ڕۆیشتووە بۆ موسکۆ و بێ دەست لە کارکێشانەوە وازی هێناوە.

**ڕامان:** لە حکوومەتی سووریادا وەزیر بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا ئا، ئەلەو حکوومەتەی دواییدا. (کتێبەکەی قەدری بەگم نەداویتێ؟)

**ڕامان:** نەخێر.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** دوایی دەتدەمێ، چونکە نوسخەکان کەمن، بەڵام تۆش لای من هەی. قەدری بەگ من پێشەکیم بۆ نووسی، وەرگێڕانێک بوو، سەقەت بوو، پێیدا چوومەوە، وتم شتێک هەیە بینووسم؟ وتی ئا بینووسە. فوئاد قەدری، سکرتێری تەجەمووعی قەومییان پێ دەڵێن، جەماعەتی وەتەنی لە پەرلەماندا، حزبی شیوعی و حزبی وەتەنی و شوکری قووەتلی، ئەو سکرتێری ئەوە بوو، فوئاد قەدری، کوڕی قەدری بەگە بە حیساب، بەڵام خۆی کوڕی قەدری بەگ نییە، برازایەتی، کوڕی مەمدووحی برایەتی.

**ڕامان:** دەڵێن نەفی کراوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** لە تورکیاوە نەفیان کردووە، ناردوویانە بۆ جزیرەی ڕۆدۆس، مەمدووحی برای وتوویەتی تۆ منداڵت نابێ، ژنەکەیشی ئامۆزای خۆیەتی، خوشکی ئەکرەم بەگە، کە منداڵت نابێ، ئەم فوئادە کوڕی منە، لەگەڵ خۆتدا بیبە، ئینجا پێیم وتن، وتم ئەوە بنووسم؟ وتیان بینووسە، چونکە لە نەبوونییەوە بیدا بەو بۆی بەخێوی بکات جیا بوو، بەڵام لەوەوە نەبووە، بۆ ئەوەی کوڕێکی هەبێ، ئینجا من ماڵی قەدری بەگ چووم، ماڵی جەمیل پاشا لە دیاربەکر، یەکەم جار کە لەم دواییەدا چووم، دەیوت ئێمە پێنج سەد خێزانی ئەرمەنیمان لە ماڵەکەی خۆماندا جێ کردەوە و لە کوشتن ڕزگارمان کردن. من ئەحمەد تووبام دەبرد بۆ ماڵی جەمیل پاشا، چونکە کە چووین قەڵایەکە بە قەت قەڵای هەولێر گەورەتر بوو، بەڵام هەر خێزانە و لە ماڵێکدا بوون، کە ئەو پێنج سەد خێزانە ئەرمەنییە لەوێدا جێی بێتەوە، ئێستاش قەڵاکە هەر هی ماڵی جەمیل پاشایە.

**ڕامان:** ناکۆکییان لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەسەر چی بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوان بۆ زەعامەتی



**دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: قەدری بەگی جەمیل پاشا، هۆمەر دزەیی، عوسمان سەبری. وەستاوەکان لە ڕاستەوە: عومەر محیەددین شەریف (حاکم)، عیسمەت شەریف وانلی، نوورەددین زازا، قەدری جان، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەلی فەتاح دزەیی، عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ. لە پشتەوە وەستاوەکان: جەمشید بەدرخان، محەمەد زڵفۆ ڕەمۆی عاموودە، شام، ١٩٥٧.**

کورد مونافەسەیەکیان لەگەڵ ماڵی (بەدرخان)دا هەبوو، بەڵام زۆر بە گەورەیی باسی جەلال بەگیان دەکرد، لەگەڵ کامەران بەگدا، زۆر ڕێک نەبوون، لەو دواییەدا بە (سەمیر خان)یشم وت، وتی لەگەڵ مامدا ڕێک نەبوون، ئەگینا لەگەڵ باوکمدا ڕێک بوون، چونکە جەلال بەگ پیاوێکی گەورە بوو، خانووەکەیان ئێستاش ماوە، خەڵکیان ماوە، ماڵی جەمیل پاشا لەوێن، چووم بینیم کە ڕاستە هی ئەوەیە پێنج سەد خێزان تێیدا داڵدە بدرێ، ئینجا ئەوە کەمال مەزهەر زۆر شتی قۆڕی نووسیوە.

**ڕامان:** بەتایبەتی لەو کتێبەیدا (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا).

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەی ئەوەی بەکر سدقی؟ بۆ دژی بەکر سدقی بنووسیت؟

**ڕامان:** من لەوە تێناگەم، ئەو فەسڵەی کە لەو کتێبەیدا نووسیبووی، کورد دەستی لە کوشتنی ئەرمەنییەکاندا هەبووە، ئەمەی بۆچی بەو شێوەیە نووسیوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە، من لە بەیرووتەوە بۆم نووسی، لە قەدری بەگم پرسی، وتی سوارەی حەمیدی ئەرمەنیان کوشت، سوارەی حەمیدی جاشن، جاش تورکیشی تێدایە، چونکە لە کوردستانیش بووە، دەبێ کورد ڕێژەکەی زیاتر بووبێ، کوردی تێدایە، تورکی تێدایە و ئەرمەنیشی تێدا بوو، جاشی ئەرمەنیش کە ئەرمەنیان کوشتووە، کەمال مەزهەر

ئەوە نەچووە ئەقڵییەوە و نەینووسی، نووسی من لە جیاتی میللەتی کورد ئیعتیزار بۆ میللەتی ئەرمەنی دێنمەوە، کە سوارەی حەمیدی ئەرمەنیان کوشتووە، (رحمه‌الله امرءا عرف قدر نفسه)، ئاخر تۆ کێی؟ من کێم؟ دەتوانم بڵێم کاک مەسعوود حەقی ئەوەی هەیە، یان مام جەلال حەقی ئەوەی هەیە، بە ناوی میللەتی کوردەوە بۆ شتێک ئیعتیزار بێننەوە، بەڵام تۆ کێی، بە ناوی میللەتی کوردەوە، ئیعتیزار بێنیتەوە.

**رامان:** باشە بۆ ئەم تاوانە قێزەونە لە هیچ و خۆڕایی لەسەر کورد بکرێ بە ماڵ؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئاخر نا، ئەوە من قەدری بەگ پێی وتووم، وتی جاش بوون، جاشەکە تێکەڵ بوون، ئەرمەنیشی تێدا بوو.

**رامان:** ئەوە خاڵێکی زۆر بەهێزە، دەبوایە بینووسیی، لە ئەنفالکردنی کوردیشدا ڕژێمی بەعس چەکداری جاشی کوردی بە جلی کوردییەوە دەهێنا و وێنەکانیانی نیشانی دەرەوە دەدا، تا بڵێ کورد خۆی ئەو کارەی کردووە، نەک ئەوان.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** من لە بەیرووتەوە، کە ئەوەم بیست، بۆم نووسی، بەڵام باشە، لەو دواییەدا ڕاستی کردەوە.

**رامان:** لە چاپی دووەمەکەیدا، ڕاستی کردەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، بە ناوی میللەتی کوردەوە لەجیاتی میللەتی کورد ئیعتیزار بۆ ئەرمەنی دێنمەوە.

**رامان:** کاکە حەمە، (حەمەی مەلا کەریم) بۆ وا زوو، بەپەلە کردی بە عەرەبی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** چووزانم، لەپاشان پێم وتی من دەبێ خۆم بناسم، تۆ خۆت بناسی، تێدەگەی دەڵێم چی. موشیری حەمەی سلێمان، باوکم لەو دێی مۆرتکەیەی مەحموودەفەنی فەقێ محەمەد هەمەوەند لێی پرسی، وتی موشیرئاغا توخوا ئەوە شێخ مەحموود بۆ گیراوە؟ وتی وەڵڵا مامۆستا من تەسلیمم کرد، کە هاتینە ناو دەربەندی بازیانەوە، دیم بریندارە، بە ئینگلیزەکانم وت ئەوە شێخ مەحموودە، بەڵام باوەڕ بکە مەقسەدم ئەوە بوو، کە لەناو ئەو بریندارانەدا نەمرێت، کە زانییان شێخ مەحموودە، هەڵیانگرت و بردیان، ئاوای تەدبیر دەکرد.

**رامان:** کەچی دکتۆر کەمال مەزهەر وتارێکی لە گۆڤاری (ڕەنگین)دا نووسی، بە جۆرێکی دی پاکانەی بۆ کردووە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نەک پاکانەی بۆ کرد، نەک ئەوەش، دەڵێ چووم بۆ چەمچەماڵ ئیعتیزارم بۆ کەریم ئاغای هەمەوەند هێنایەوە، کە قسەم بە موشیری حەمەی سلێمان وتووە، کەریم ئاغای هەمەوەند، هەمەوەندن، ڕەشەوەنن، ڕەمەوەنن، وابزانم بەگزادە و سێتەبەسەریشیان هەیە، چەند تیرەیەکن، کەریم ئاغا لەوانەیە کە دژی موشیرە، ئەو بەقەت دنیایەک ڕقی لە موشیرە، ئەو چووە لای ئەو ئیعتیزاری هێناوەتەوە.

**رامان:** ئەوەش موفارەقەیەکی سەیرە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا ئیتر ئەوە شتەکانیەتی، گرفتی کەمال مەزهەر چییە؟ شتی هەیە، شتی نووسیوە، بەڵام ئەو وا حیساب دەکات، کە ئەو شەرەفخانی بدلیسییە، یان ئەمین زەکی بەگە، ڕاستە شتی نووسیوە، بەڵام نەگەیشت بەوان، نەبوو بەوان، چی دەکەی؟ شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی گەورەیە، بەڵام گۆران نییە.

**رامان:** گۆران نییە، نالی نییە، هەر کەس تایبەتمەندی و حیسابی خۆی هەیە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵام نەگەیشتە ئەو.

**رامان:** وتت ئەو قەڵای قەدری پاشا و ئەمانە ئێستاش ماوە، ئەی کوردایەتییەکە بەردەوامە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** قەدری پاشا ئێستاش خۆی ماوە. ئا ئا، هەر کوردن و هەر کوردایەتی دەکەن، ئێستا تورکیاش گۆڕاوە، ئەحمەد تورک پەکەکەیە، بەڵام کوردایەتی دەکات و بە کوردی قسە دەکات، ئینجا سەیرە، زمانی کوردی ماوە، من وا تێدەگەیشتم ئێستا لە تورکیا زمانی کوردی نەمابێ، حەفتا ساڵ لە ماڵیشدا زمانی کوردی قەدەغە بووە، جەزایان لێ ستاندوون، بردوویانن بۆ مەخفەر، محەمەد ئوزوون ڕۆمانی نووسیوە، شیعری بە کوردی نووسیوە، کە دەبوو محەمەد ئوزوون کوردی نەزانێت، کورد بێت، قەی ناکا، بەڵام دەبوو کوردی نەزانێت، حەفتا ساڵە کوردی نووسین نەماوە، کەچی ئیستەنبوڵ پێنج شەش ملیۆن کوردی تێدایە، ئەو کوردە قەت نافەوتێت.

**رامان:** یەکێک لە شاکارە مەزنەکانی کورد ئەوەیە کە

ماوەتەوە و زمانەکەی پاراستووە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوەیە، بەڵام چی دەکەی، بەعزێک شت نەگبەتیشە.

**ڕامان:** وتت (قەدری جان)یشت لە هەموویان زیاتر ناسی.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** من لە هەموویان زیاتر لەگەڵ ئەو تێکەڵ بووم، لە (جگەرخوێن)یش زیاتر، هەموو ڕۆژێک دەمدی، جومعانە دەهات بەدوای من و حاکم عومەر محیەددین شەریف و زەبیحیدا دەیبردینە ماڵی خۆیان، جومعانە لەوێ نانمان دەخوارد، کوڕەکانیم دەناسی، کچەکەیم دەناسی، لە هەموویان زیاتر لەگەڵم بوو، لەگەڵ مندا هات بۆ لای مەلا مستەفا، قەسیدەیەکی هەیە، "بارزانی بارزانی کێ ڤی ناڤی نەزانی"، دیوتە؟

**ڕامان:** بەڵێ، لە دیوانەکەیدا هەیە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەو مەلا مستەفای لە مۆسکۆ دیبوو، بۆ مەهرەجان چووبوو، لەوێ دیبووی، دواتر هاتە بەغدا، کە هات بردمە هوتێل سەمیرامیس، بەڵام مەلا مستەفا لە هۆتێلێکی دیکە بوو، یەکسەر برازایەکی خۆی کە ناوی شێخ سادق بارزانی بوو نارد، ئەم برازایەی بارزانی، لەگەڵ عوبەیدوڵڵای کوڕی لە ماڵێکدا لە گەڕەکی کیفاح لە بەغدا دەژیان، ئەو جانتاکانمانی هێنا، وتی مەلا مستەفا ئەمری کردووە، دوو سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، میوانی ئەو بووین، لە سوریاوە هاتبوو بۆ ئێرە بۆ لای ئەو.

**ڕامان:** تۆ ئیشت بۆ ئەو و ئەوانەش کردووە کە لەوێ ناسیوتن، بۆ جگەرخوێن، بۆ قەدری جان، ئینجا حەز دەکەم لەو بارەیەوە باسی ئەو کارانەی خۆت بکەی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** جگەر خوێن شیعرەکانیم کردووە بە عەرەبی، کۆمەڵێکی زۆریم لێ کردووە بە عەرەبی، پاشان لەسەریم نووسیوە، جگەر خوێن ئەو شاعیرە گەورەیە نییە، بەڵام کوردە، (قەدری جان)یش کتێبم لەسەر نووسیوە. لەگەڵ عوسمان سەبری زۆر تێکەڵ بووم، بەڵام ئەم دوایییە بوو بە پەکەکە، پەکەکەیەکی تۆخ، لەگەڵ (حەمید دەرویش)دا، کە باسی بەعزێک کەس دەکرا، دەیوت عوسمان سەبری دوو مامی ئیعدام کراون و لە تورکیاوە هاتووە، کابرایەکی تێکۆشەرە، بەڵام عوسمان سەبری ناوی کەسی بە باش نەدەبرد. ئەبوو جەنگۆمان هەبوو، پێی وتم ڕەمۆ شێخۆ لە جزیرە لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی بوو، ئەو وتی لە قامیشلو پێشوازییەکی باشمان بۆ تەرمەکەی ڕێک خست، بە ڕێزی خۆیەوە بردیان، بەڵام پەکەکە بردیانە دێیەک لەسەر سنوور، لەوێ ناشتیان. ئەوەم بۆ گێڕاویتەوە، کە دەتوت ئاپۆ، یانی ئاپۆ عوسمان سەبری، جارێک کە چووم وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی هەڵواسیبوو، وتم ئاپۆ، دوو ئاپۆ دەبێت؟وتی نەخۆ دەبێ، ئێستا دەبێ. ئەو باوەڕی وابوو، وەک برایم ئەحمەدیش باوەڕی وابوو، کە پاشەڕۆژی کورد پەکەکە دروستی دەکات، ئەوان دەیانوت پەکەکە حزبێکی بەهێزە و قودرەتی هەیە و فلانی هەیە، ئەو بیروڕای وابوو، برایم ئەحمەدیش هەر بیروڕای وابوو، چونکە لەگەڵ برایم ئەحمەد لە کۆنگرەی نەتەوەیی سێ جار پێکەوە لە ژوورێک نووستووین، تا خەومان لێ دەکەوت قسەمان دەکرد، لە کۆنەوە دەیناسم، کۆن دەهاتە لای باوکم.

**ڕامان:** دوای ئەوەی سێ ساڵ لە سووریا مایتەوە، دواتر سەردانی ئەوێت نەکردەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** سێ ساڵ لەوێ مامەوە، ئەم دواییەش بەینێک چووم.

**ڕامان:** لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا لە ڕووی پێوەندی و زانیاری کۆکردنەوەوە سوودی باشت وەرگرت؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** من لێرە فەسڵ کرابووم، بڕوانامەم بۆ ئەوێ نارد، بۆ میسریشم نارد، (غائب طعمة فرمان) لە میسر بوو، برادەری کۆنم بوو، ئەویش لەوێ بوو، لە حزبی شیوعی بەرپرسی من و حسێن مەردان بوو، خەبەری بۆ ناردم کە لە ئەزهەر و لە کوللیەی ئادابیشدا قبووڵ کراوی، دەتوانی لە هەردووکیان بخوێنی، لە ئەزهەر جێگە وەردەگری، مووچە وەردەگری، هاوکات دەتوانی لە ئادابیشدا بخوێنی، ئێرە باشترە و وەرە بۆ ئێرە، ئەوە غایب توعمە خەبەری بۆ ناردم، کە هاتمە سووریا ئاپۆ عوسمانم دی، وتم بەتەمام بچم بۆ میسر، وتی مەچۆ، وتی لێرە بمێنەوە، وتم بۆ؟ وتی لێرە هیچ نەبێ فێری کرمانجی دەبی، ئەو کرمانجییە دەرسی ساڵێکتە، جێیەک لەوێ هەیە پێی دەڵێن حەی ئەلئەکراد، ئێستاش ماوە، هەموویان هەر کوردن، وتی فێری کرمانجی دەبی، ئەو کرمانجییە دەرسی ساڵێکتە، بەڵام ڕاستیشی کرد، نەک دەرسی ساڵ، بوو بە دەرسی

عومەر، ئیتر ئەوەتا لەسەر قەدری جان بنووسە و باسی جگەرخوێن بکە و باسی مێژووی ئەدەبەکە و مەلای جزیری و خانی و ئەوانە، ڕاستی کرد بووە دەرسی عومەر، قسەکەی لە شوێنی خۆیدا بوو.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچی بۆ ئەویٚ کرمانجییەکەت باش نەبوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کە لە سلێمانی بووم، نا، نەمدەزانی.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ شێوەزاری هەورامی چۆنیت؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** هەورامی دەخوێنمەوە و تێشی دەگەم، ئەوەتا لەسەرم نووسیوە، بەڵام نازانم قسەی پێ بکەم، سەیر ئەوەیە، نەک نازانم بە هەورامی قسە بکەم، کاکە حەمەش کە کوڕی بیارەیە و هەورامی باش دەزانیٚ و خۆی و باوکی لە هەورامیدا ئیشیان کردووە، قسەکردن بە هەورامی نازانیٚ، چونکە لە ماڵەوە بە شێوەزاری سلێمانی قسەیان کردووە، دایکی هەورامی نییە.

**ڕامان:** ئێستا خەڵکی ئێمە، بەتایبەت ئەوانەی کە بایەخ بە ئەدەبیات دەدەن، بەتایبەتتریش ئەوانەی کە خوێندنی باڵا و ئەدەبیاتی کوردی دەخوێنن، لە هیچ شوێنێک لا لەو زاراوانە ناکەنەوە، تەنانەت کرمانجییەکەشیان پشتگوێ خستووە، بیروڕای تۆ بەرانبەر بەوانە چییە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** وەزعی خوێندن و زانکۆ تەواو تێکچووە، من کاتی خۆی ئەوەم بە دلاوەر عەلائەددین وت، جاریٚ دەعوەتی کردبووین، ئاخر خوشکەزای دکتۆر فوئاد مەعسوومە. دوو کەس تەخریباتێکی زۆریان لە خوێندندا کرد، دلاوەر عەلائەددین لە خوێندنی باڵادا، دڵشاد عەبدولڕەحمان لە پەروەردەدا.

**ڕامان:** بە ناوی سیستمی سوێدی پەروەردەیان تێکوپێک دا، لە قەلان و لە کۆترانیشیان کردین.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** سیمیناری زۆریان کرد، کوردستان ئەو هەموو زانکۆ و فاکلتیوم و ژاکلتیوم و جاکلتیوم و نازانم کۆمەڵێک ناوی داناوە بۆ چییە؟ ئێمە جاران دەمانوت زانکۆ. هەژار ئەو زانکۆیەی دروست کرد، دەوترا (زان)مان نییە، تا کۆی هەبیٚ، (زانکۆ)، ئەگەر (زاینکۆ) بێت، قەی ناکا، چونکە (زاین)مان هەیە، جیاوازی نێوان فارسی و کوردی لە بەعزێک شت (دان) و (زانە)، (میدانم) (دەزانم)، بە کوردی زێیە، بە فارسی (دان)ە، لەبەر ئەوەی(دانیشگا)یە، ئێمە بڵێین (زانستگا)، ئەم زانکۆیە لە کوێوە هاتووە؟ د. کەمال فوئاد ماوەیەک دژی بوو، ئیتر دوایی پەسند کراو جێی خۆی گرت. جارێک وتم لە زانکۆ بووم، تووڕە بوو، وتی تۆش دەڵێی زانکۆ؟ وتم کاکە ناوەکەی وایە، چی بکەم؟ تۆ ناوت کەمالی کەریم بەگە، بووی بە کەمال فوئاد. وتی ئەوەی فارسییە لێی مەترسە، پەنجا ساڵی تر گەڕیان پیٚ دەکەین و دەڵێین ئەوە هی ئیمەیە، ئێوە وەرتان گرتووە، ئێمە لەیەکەوە نزیکین، کە دەوترا زانستگا بیٚ، بوو بە زانکۆ، د. کەمال فوئاد قسەکەی ڕاستە، زانمان نییە تا کۆی هەبیٚ، زانینمان هەیە. هەژاریش دەیویست خۆی وای پیشان بدات، کە گەورەترین شاعیری کوردە، تەنانەت (مەم و زین)ی خانی کە تەرجەمە کردووە، هەمووی سەیر بکە، عەقڵییەتی هەژار دەیەویٚ وا پیشان بدات، من هەژارم باش دەناسی، تا ئێستا لەناو کورددا، (خانی)یەکی دیمان لا دروست نەبووە.

**ڕامان:** ئەو ناوی نا زانکۆ، ئێستا زانکۆمان هەیە، ئەی بۆ کۆلێژ دەڵێی چی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کۆلێژ وەرگیراوە، ئەوە قەی ناکا، بەش هەیە، لق هەیە و بڕایەوە، ئەم فاکلتییە و جاکلتییە و ژاکلتییە چییە؟ من لە کۆنگرەی یەکەم بە (د. دلاوەر عەلائەددین)م وت، وتم کاکە تۆ لە لەندەن بووی، لە زانکۆ نەبووی، پزیشک بووی، هاتوویتە ئێرە ئەمەت کەوتووەتە دەست و لەخۆتەوە شت دادەنێی. دڵشاد عەبدولڕەحمان چەند جار دەعوەتمان کرد تا لە ئەکادیمیا بیبینین، قبووڵی نەکرد. دڵشاد کوڕی مەلا محەمەدی گەلاڵییە، ئەویش مەلایەکی گەورەی کورد بووە، مامێکی لە هەولێر دەرمانخانەی هەبوو، بە داخەوە ئەویش تەخریباتێکی زۆری لە پەروەردەدا کرد، کرا بە وەزیری پەروەردە، ئینجا مەبەستم ئەوەیە زانکۆ لە سلێمانی هەیە، زانکۆ لە هەولێر دروست بوو گواستیانەوە بۆ ئەویٚ، کۆیە د. نەبەز مەجید ئەمین دروستی کرد، پێیٚ نەکرا بە زانکۆ، بەڵام د. خدر مەعسووم کردی بە زانکۆ، ئەو پیاوێکی زۆر ساکار و ڕەوشت بەرزە، من کۆمەڵێک شتم لەسەری هەیە، بەڵام توانی ئەوەی کۆیە بکات بە زانکۆ، ئێستا زانکۆیە و ئەو

سێیانە بەسە.

**ڕامان:** ئەی ئەوەی ڕانیـە، ئەوەی زاخـۆ، ئەوەی کـەلار و..؟

**د. عیـزەددین مسـتەفـا ڕەسـووڵ:** ڕانیە، سـەنگەسەر، قەڵادزێ. ڕانیە بۆ ئەوەی دڵشاد عەبدولڕەحمان، حەمە عەلی بکات بەسەرۆکی زانکۆ، حەمە عەلی عەبدوڵلا کە ئێستا سەرۆکی زانکۆی ڕانیەیە.

**ڕامـــان:** ئاخـــر ئەو وەزیری پەروەردە بوو، وەزیری خوێندنی باڵا نەبوو.

**د. عیـزەددین مسـتەفـا ڕەسـووڵ:** بەڵێ، وەک شـتێک حەمە عەلی لەناو یەکێتیدا عایدی ئەو بووە، تەنانەت کـە ئێـمـە هاتینەوە بۆ پەرلەمـان لیـسـتی دروست کـرد، دڵشاد وتی دکتۆر لە پەرلەمان حەمە عەلی تێدا نەبوو، بەشکەم لە تەنفـیـزیـیـەکـەدا دابنرێ، ئەو کـاتـە ناوی تەنفـیزی بـوو، دوایی کـردیان بە وەزارەت، وتی بەشکەم بۆ ئەوە بیکەن بە وەزیر، دەیویست حەمە عەلی بکات بە شتێک، ئاخری کردی بە سەرۆکی زانکۆ.

**ڕامـــان:** با لـە بابەتی سـووریاوە زیاتر پەل نەهاوێینە ئەوێ، باسی سووریام بۆ بکە.

**د. عیـزەددین مسـتەفـا ڕەسـووڵ:** ئینجا ئاپۆ عوسـمان سەبری ئەو دواییەی تەمەنی لەگەڵ پەکەکە بوو، کە مرد بردیان لە دێیەک لەسەر سنووری تورکیا ناشتیان، ناوی گوندەکەش نازانم، ڕەمۆ شێخۆ، کە کۆنە شیوعـیـیـەک بوو، وتی پێشوازییەکی گەورەمان بۆ دروست کرد.

**ڕامان:** ئەی ئەوانی تر؟

**د. عیـزەددین مسـتەفـا ڕەسـووڵ:** جگەرخوێن لە سوێد مـرد، هێنایانەوە لە مـاڵەکـەی خۆی لە حـەوشـەکـەیدا لە قامیشلو ناشتیان. جگەرخوێن مێژوویەکی هەیە، شیعری نیـشـتـمـانیی هەیە، بەڵام ئەو شـاعـیـرە گـەورەیە نیـیـە، وەختێک ئەو، ئەو شیعرە نیشتمانیانەی وتووە، خەڵکی دیکە نەیوتووە. ئوسەیمە بە گۆرانی دەیوت، ماڵی ڕەوشەن خان، ئوسەیمە کچی ڕۆشن خانە، بەڵام لە مێردێکی پێش جـەلالیـتـی، مـێــردێکی عـەرەب، عـومـەر مـالـیـک، کچەکەیشی شووی بە کوڕی عەلیاغای زلفۆ جەلادەت بەگ کـرد، بەڵام هەروەک کـچی ڕۆشن خـان، ئێـمــە نەماندەزانی کە ئەوە پێشـتـر دوو شووی کردووە، دوایی جەلال بەگ هێناویەتی و ماڵەکەشیان، ماڵی ڕۆشن خان خوا هەڵناگرێ میوانخانە بوو.

**ڕامان:** تۆ بەردەوام دەچووی بۆ لایان؟

**د. عیـزەددین مسـتەفـا ڕەسـووڵ:** من دەچووم، خەڵکی دی دەچوون، ئەوەی کـە لێـرەوە دەهاتـەوە، هەر هەمــووی لەوێ نانێکی خـواردووە، کـە دادەنیـشـتین ئوسـەیمە بە گۆرانی شیـعری جگەرخوێنی دەوت، (ئاڵا سێ ڕەنگیی تە / بەناوودەنگیی تە.. ئەی خـورتێن کـوردسـتــان / سلاڤ بێ لێـتـان)، ئەمە شیـعـری جگەرخـوێن بوو، بۆ ئالای کــوردســتــان، لەم جـۆرە شـیــعــرانەی زۆر بوو. (ڕیشـووەیەداری) وەک چیـرۆک نووسیـبـوو، نـوورەددین زازا لێی توورە بوو، دەیوت ئیملاکەت باش نییە.

**ڕامـان:** ئەی لەگـەڵ نوورەددین زازا پێـوەندیتـان چۆن بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** هەر زۆر خۆش بوو.

**ڕامـان:** بۆ تا ئێـسـتـا کـەس ئاوڕی لێ نەداوەتەوە، نە ناوی لـەناوانـدا هەیە، نـە نـووســـــینێـک لەبارەیەوە دەنووسرێ، نە کتێبەکانی لە چاپ دەدرێنەوە؟

**د. عیـزەددین مـسـتـەفـا ڕەسـووڵ:** چووەوە ئەورووپا و لەوێ مـرد. زۆربەی شیـعـرەکـانی جگەرخوێن بە گـۆرانی دەوتران، بەڵام چیـیـە ئەو ئاسـتـە شیـعـرییـەی نەبوو، بۆ گـۆرانی دەسـتی دەدا، ئەو شـاعـیـرە گـەورەیە نیـیـە. من جاری پێشوو پێم وتی، شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی گەورە و چاکیشە، بەڵام گۆران نییە. ئەو دەیویست بڵێین ژوور گـۆران کـەوتووە، (گـۆران)ێکی تر دروست دەبێ، بەڵام کەی دروست دەبێ؟ (شێخ عیزەددینی حوسێنی)یشم لە کۆنگرەی نەتەوەییدا دیوە. دکتـۆر مـەحـمـوود عـوسـمـان ڕەخنەیەکی لێ دەگرت، دەیوت شێخ عیزەددین مەلا بوو، مـەلایەکی چاکـیش بوو، ئەگـەر وەک مـەلایەکی سـوونـی کـاری بکردایە، نەدەچووە ڕیزی خـومـەینی، بەڵام بۆ ناو سوونییەکان مونافەسەیەکی دەکرد، چونکە لەوێ تورکمان سـەحراش وەک مـیللەتێک سـوونین، هەر کـورد نیـیـە کـە سوونییە، کەچی ئەو باسی سۆشیالیزمی دەکرد.

**ڕامان:** ئەوە نەگبەتیی کوردە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** دەشیوت کە سۆشیالیزم بۆ من زیانێکی وای نییە، سۆشیالیزم بە من ڕازی بێت، من بۆ بەو ڕازی نەبم، تەنانەت بیرمـە شـێخ عـیـزەددین دەوری هەبووە. سـەعـید ناکـام وتی کە کۆمار تێکچوو، ئاخر سەعید ناکام چوو، خۆی مـەهابادیشە، عەبدوڵڵای مـسـتـەوفی ناوە، وتی کـە هاتمەوە شـێخ عـیـزەددین لە

دێیەکی سەرسنوور مەلا بوو، ئەوم دی، جارێک باسی ڕێبەرایەتی کوردستانی ئێرانم کرد، وتی بە دەست قاسملووەوە نییە، بە دەست شێخ عیزەددینەوەیە، برادەرێکی کوردی ئێران بوو، شەهید بوو، ناوەکەیم لەبیر نەماوە، پێش دکتۆر قاسملوو و ئەوان شەهید بوو، هێمن وتی چوومە لای شێخ عیزەددین، بۆ مەسەلەی ناشتن و پرسەکەی، مهابادی بوو، لای قەلادزێ شەهید بوو.

**ڕامان:** (شێخ عیزەددین حوسێنی)ش لە سووریا بووە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نا، بەڵام...

**ڕامان:** لە پەرلەمانی مەنفا بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، لە پەرلەمانی مەنفا، لە کۆنگرەی نەتەوەیی، ئاخر نوورەددین زازا چووە سویسرا، ئەوە بوو کە گرتبوویان لە لبنان و تەسلیمی ئەردەنیان کرد، سەعید جومعە، سەرۆکوەزیران کورد بوو، سەعید جومعە برای سەعد جومعە بوو، پێی وتبوو تۆ لە تورکیا مناڵ بووی لەگەڵ دکتۆر نافیزی برات هاتووی، ئێستا بتدەینە دەست تورکیا، تورکیای ئەو کاتە بوو هی ئێستا نەبوو، کێ دەڵێ ناتکوژن، کێ دەڵێ قبووڵت دەکەن. دکتۆر نافیز برای نوورەددین زازا بوو، لە دامەزرێنەرانی خۆیبوون بوو، هاتە سووریا، دکتۆری چاکیشە، دکتۆر ئەو کاتە کەم بوو، کەچی لە سووریا نەهاتبووە شام عیادە دابنێ، لە دێیەک، عەین دیواری پێ دەڵێن، لەوێ عیادەی دانابوو، دکتۆر نافیز زۆربەی نەخۆشەکانیشی بە خۆڕایی چارە دەکرد، من دیم، دوا جار لە بەیرووت نەخۆش بوو، لەگەڵ قەدری جان چووینە ماڵی، برای گەورەی نورەددین زازا بوو.

**ڕامان:** ناوی باوکی چی بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** دکتۆر ئەحمەد نافیزیان پێ دەوت. نوورەددین زازا، چونکە خەڵکی شارێکن (مەعدەن)ی پێ دەڵێن، لای (مەلاتییە)وەیە، زازاشن، سەعید جومعە وتبووی ئەوەتا لە بەیرووت دەریان کردووی، لە سووریا سێ ساڵ حەپس بووی، چوویتە عێراق لە عەمارە و لە نوگرە سەلمان حەپس بووی، ئێستا چیت لێ بکەم؟ لە ئەردەن بێ چالاکی ماوی، تۆ بەبێ چالاکی ناتوانی، من کوردیشم، تۆ کە جنسییەت سویسرییە و لەوێ دکتۆرات وەرگرتووە، ژنەکەت سویسرییە، وتبووی دەفەرموو برۆ بۆ ئەوێ، بەڵام سەعید جومعە وتبووشی، مستەفا بارزانی ئەمری کردووە، ئازادت بکەین، لەبەر ئەوە فەرموو بچۆرەوە بۆ سویسرا، دەی چووەوە بۆ سویسرا.

**ڕامان:** هیچ ڕێک نەکەوت جارێکی دیکە بیبینیتەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** من جارێکی تر نوورەددین زازام لە بەرلین دییەوە، لە کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا ئەمەی بۆ گێڕامەوە، ئەوەی سەرۆکوەزیران دەڵێ مستەفا بارزانی ئەمری کردووە، خۆی بۆی گێڕامەوە، جا ئاخر مەلا مستەفا قسەیەکی هەبوو، جارێک کاغەزێکی پێ نووسیم بۆی، پیرۆزبایی لێی کرد، دوایی وتم باشە ئەوە ئەو کاغەزەت بۆ نووسی، سوودی چییە؟ بارزانی وتی ئەوە وەڵامم دەداتەوە، ئێستا وا دەزانێ باو و باپیری دەناسم.وتم دەیناسی؟وتی بەڵێ باو و باپیری دەناسم، ئەو لە وەڵامەکەیدا نانووسێ لە سەعیدەوە بۆ مستەفا، دەنووسێ لە سەرۆکوەزیرانی ئەردەنەوە بۆ ڕێبەری نەتەوەی کورد مستەفا بارزانی، خۆ من بووم بە ڕێبەری نەتەوەی کورد، وتم بەڵێ ڕێبەری. وتی کوڕە لەوێ بووم بە ڕێبەری نەتەوەی کورد. وتم باشە بێ ئەدەبی نەبێ ئەو کاغەزە سوودی چییە؟وتی لە ئیشێکی بچووکدا سوودی خۆی دەبێ، بەتەما نەبوو شتی گەورە بەو بکات، ئینجا من هەرلەوێ بووم وتی نوورەددین زازا گیراوە، تەسلیمی ئەردەنیان کردووە، کاغەزێک بۆ ئەو سەعید جومعەیە بنووسە، کە بەری بدا، بۆم نووسی و دامە دەست خۆی، کە بۆی بنێرێت، ئینجا بەو جۆرە نوورەددینی بانگ کردبوو، وتبووی (أمرني مصطفى البارزاني)، سەرۆک وەزیرانی ئەردەن وای وتبوو، ئینجا شتە بچووکەکە ئەوەیە نووردەین ئازاد بکات.

**ڕامان:** بەڵام ئەوە کارێکی بچووک نییە، ئینسانێک لەو ئاستە بێ و ڕزگاری بکەیت.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئێ قەی ناکات، ئاخر بەتەمای ئەوە نییە لەوێ دەوڵەتی بۆ دروست بکات، کە خەڵکی سەڵت هەموویان ئێستاش دەڵێن کوردین، بۆم گێڕاویەتەوە مەحموود عەباس (ئەبوو مازن) دەڵێ کوردم.

**ڕامان:** ئەوە لای خۆت وای وتووە، یان لە کوێ وتوویەتی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** لە تەلەڤزیۆن، خۆم دەجاریش گوێم لێی بووە، خۆی چووە بۆ لای کاک مەسعوود بارزانی، خۆم ئەوەم لە کاک مەسعوود

بیستـووە، جاری دووەم کە بوو بە سەرۆکی هەریم، ئەو وتبووی تۆ یەکەم سەرۆکی عەرەبی هاتووی بۆ پیرۆزبایی من، وتبووی نانا من وەک سەرۆکی عەرەب نەهاتووم، من وەک کوردێک هاتووم پیرۆزبایی سەرۆکایەتی هەرێمی خۆمت لێ بکەم، بەڵام کوردی نازانم.

**رامان:** بەرانبەر سەڵاحەددین ئەیووبی بیروڕات چییە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** (جەلال شەفیق)یان کردبوو بە سەرۆکی زانکۆ و بە وەزیر، ژنەکەیشی عەرەبە، دەیوت ئەوە هەمووی ئەو سەڵاحەددینە سەگبابەیە، کوردی پەرشوبڵاو کردەوە. وتم گوێت لێ بێت، لەسەردەمی ئەو کورد یەک دێی نییە لەکیسی چووبێ، تا بڵێین ئەمە هی کورد بووە و ئێستا هی کورد نییە، هەمەدانە تێکەڵە، شوێنەکانی تر کوردە، سەڵت، خەلیل، دەڵێن کوردین، سەڵاحەددین نە سەگبابە، نە کوردی پەرشوبڵاو کردووە، بەپێچەوانەوە شتی گەورەی بۆ کورد کرد.

**رامان:** شتی گەورە کە بۆ کوردی کردبێت چییە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** (رواق الاکراد) کە لە قاهیرە کرا شتێکی گەورەیە، ئەو کردییەوە. دووەمین ناوی کورد بڵاوبووەوە، سەڵاحەددین وەک کورد ڕەفتاری کردووە، قەت نەبووە بڵێ کورد نیم، کوردە، ئێستا موحسین محەمەد حسێن کە دەڵێ تورکمانم، دژی سەڵاحەددین قسە دەکات، ئەندامە لە ئەکادیمیا، بەداخەوە ئەکادیمیا بووە بە دامەزراوەیەک قسەی وای تێدا دەکرێ.

**رامان:** ئەی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان نێوانت چۆن بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کە چووم ئەو کاتە جەلادەت بەگ نەمابوو، ڕەوشەن خان مابوو، ماوەیەکیش هەر لە ماڵی ئەوان بووم، لە هۆتێل دابەزیبووم، هۆتێلێک هەبوو فەڵەستین و شەرقەلئەردەن، عەبدولهادی ئەیووبی کورد بوو، شیوعیش بوو، لە بەغداوە ئەو ئەدرەسەیان دامێ، خەڵکی شام بوو، چوومە هۆتێلەکەی ئەو، دوایی چووم سەری ماڵی ڕەوشەن خانم دا، وتی بۆچی لە هۆتێل دابەزیوی، ماڵی من هی خۆتە، جەمشیدی کوڕی لەگەڵم نارد جانتا و شتەکانم برد و چوومە ئەوێ، ١٥، ٢٠ ڕۆژێک لەوێ بووم، دوایی لەگەڵ (عەلی فەتاح دزەیی)دا شوێنێکمان گرت، ئەوان پێیان دەوت پەنسیۆن، لە ژوورێکی قوڕدا بووین، پەنسیۆنی چی؟!

**رامان:** مەبەستیان لە پەنسیۆن چ بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** پەنسیۆن شوقەی کرێ بوو، بۆ ڕێزە، وشەکە فەرەنسییە، لە شوقەیەکی گەورەدا، بەڵام نەوەڵڵا لە ژوورێکدا لەگەڵ (عەلی فەتاح دزەیی)دا بووین.

**رامان:** لەگەڵ ئەو سەروساختتان چۆن بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** زۆر چاک بوو.

**رامان:** ئەو یەکێک لە شاعیرە باشەکانی هەولێر بوو، بەڵام شیعرەکانی درەنگ کەوتنە بەرچاوی خوێنەرانەوە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کوڕی چاک بوو، کۆن سێ ساڵ لە زینداندا بوو، شیوعی بوو، کە هاتە سووریا بەرەو نەتەوەیی ڕۆیی، خۆی دەیوت، خەڵک لەوێ شیوعییە، دێتە ئێرە دەبێ بە نەتەوەیی، ئەم دواییەش کە بینیمەوە نەخۆش بوو، قوڕگی نەخۆش بوو، دەنگی نووسابوو.

**رامان:** ئەو کتێبانەی کە چاپ کراون، لەڕووی ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە بەلاتەوە چۆن بوون؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئاستێکی چاکی هەبوو، وەک شاعیر، شاعیری چاک بوو.

**رامان:** دیوانێکی هەیە بە ناوی خرۆشان و ڕامان.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵێ، شاعیری چاک بوو.

**رامان:** دوایی کتێبێکی لەسەر مەم و زین دەرچوو.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** خوێنەواری چاک بوو، لە ئاغاکانی دزەییە، هەر بنەماڵەی بایزە، ئەرسەلان کاکە خانە، بایز، جوامێر، ماڵی پاشا، خدری پاشا، ماڵی کاکە خان ئاغای دزەیین، بەڵام ئاغا لاتەن، ئەوانە چوار بەرە بابن، خدری پاشا زەمانی نووری سەعید ساڵەهای ساڵ نائیب بوو.

**رامان:** بەڵێ، لە تەمەنی خۆمدا خدر پاشام لەبیرە، خۆی ئۆتۆمبێلێکی شۆفرلێتی ژمارە یەکی هەولێری لێدەخوڕی، ئەوکاتە تەمەنی نزیکەی سەد ساڵ دەبوو.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوە نوکتەیەکی هەیە، پاش شۆڕشی تەمموز، لە دەست وەرزێر ڕایان کرد، وەرزێر چوون بە گوریس عەرزەکانیان دابەش کردن، وەرزێر شیوعین و دەسەڵاتیان هەیە، ئەو بەرەو بەغدا ڕۆیی، کە دێ لە پردێ دەبینێ کۆمەڵێک دۆم لە خوار پردەکەوە

کەرەکانیان و بارەکانیان لەو ناوەن و بۆخۆیان بە ڕاحەتی دانیشتوون، ئەمیش لە دەست وەرزێر بەرەو بەغدا ڕای کردووە، دەڵێ ئەی لەعنەتت لێ بێ ئەحمەدی پاشا، کە باوکێتی، هەر دۆم بوویتایە باشتر نەبوو؟ ئینجا ئەوە سەعدی دزەیی شەیتان و زۆڵە دەڵێ ڕەنگە دۆمەکە ڕاست بێ، چونکە دۆم نەبن (عومەر دزەیی)یان تێدا پەیدا نابێت، کە خەریکی گۆرانی و بەزمورەزم و شتی وایە، ئاخر ئەویش هەر دزەییە، بەڵام لە ئاغاوات نییە، باوکی سەعدی کوێخای دێ بوو، سەعدی دزەیی هاوڕێمە، نەشهاتەوە بۆ لام، لەو نەخۆشییەدا ئەحواڵێکی نەپرسیم.

**ڕامان:** چی ترت لە بارەی جگەرخوێن هەیە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** جگەرخوێن لە سوێد مرد، بردیانەوە لە قامیشلو لە خانووەکەی خۆیدا ناشتیان، بەڵام بۆ ڕۆژی خۆی شاعیرێکی گەورە بووە. شیعرەکانی نیشتمانین، دەوری لەگەڵ کۆمەڵی خۆیبووندا هەبووە، ئەو دواییە لەگەڵ شیوعیدا ڕێک بوو، لە لیستی حزبی شیوعیدا کاندید بوو، کە ساڵی ١٩٤٥ خالید بەگداش بوو بە نایب، ڕۆژێک لە ماڵی فوئاد قەدری جەمیل پاشا کەوتە گلەیی لە خالید بەگداش، وتی خەڵک پێم دەڵێن حزب تۆی ناوێ و بە ئەندام قبووڵت ناکات و لە حزبدا ئەندام نیت. بەنازەوە بە عەرەبی پێی وت (موللا)، بە جگەرخوێنی وت، بۆ خۆت و بۆ ئێمە و بۆ هەموو لایەک ئەمە باشترە، حزب تۆی نەوێت، تۆ لە لیستی حزبی شیوعی لە هەڵبژاردندا دووەم ناو نەدەبووی، یەکەم خالید بەگداش بوو، دووەم کەس لە ساڵی ١٩٤٥ بۆ هەڵبژاردن تۆ بووی، بەڵام من ١٩٥٦ لەوێ دیمن، ١٩٥٤ خالید بەگداش بووبوو بە نایب، تۆ دووەم ناو بووی لە لیستی ئێمەدا، ئەوە گەورەترە، یان ئەندام بیت؟ وەک کەسایەتییەکی ناسراو و شاعیر و نایب بیت، نەک لە حزبدا ئەندامێکی ساکار بی.

**ڕامان:** نوورەددین زازا ساڵی چەند پارتی دیموکراتی کوردستانی لە سووریا دامەزراند؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نوورەددین زازا و ئەوان ئەوسا پارتییان لە ساڵی ١٩٥٦ دروست کردبوو، بۆیە بە (جگەر خوێن)یان وت بۆ هەمووان ئەوە باشە تۆ لەگەڵ ئەمان بڕۆی، واتە لەگەڵ پارتیدا، بۆ تۆ باشتر ئەوەیە موللا، ئەگینا شەخسی دووەم بووی لە لیستەکەماندا، چی بە ئەندام قبووڵت ناکەین، ئەوە ئەوسا قبووڵت دەکەم، بەڵام بۆ تۆ چاکتر ئەوەیە لەگەڵ ئەواندا بڕۆی، ئەوە خەریکن پارتی دروست دەکەن.

**ڕامان:** عوسمان سەبری بۆچی لەگەڵ نوورەددین زازا تێک چووبوون؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** عوسمان سەبری بەو نەوعە سیاسەتی دەکرد کە بۆم باس کردی، لەگەڵ نوورەددینیشدا لە زیندانەوە تێک چووبوو، نوورەددین لە زینداندا بە زیندانییەکانی خۆیان، حەمزە نوێران و حەمید دەروێش و ئەوانەی دەوت، لە زینداندا تۆزێک هێمن بن، قسەی زل و ڕەق مەکەن، بۆ ئەوەی زۆر حوکمتان نەدەن، عوسمان سەبری بەپێچەوانەوە ڕەق بوو، لەوێوە لەسەر ئەو قسەیە لەگەڵ نوورەددین زازا تێکچووبوو، بەڵام دوایی بەعزە شتێک مێژوو دەری دەخات، ئەمڕۆ ڕەنگە تۆ بیروڕایەکت هەبێ، من بیروڕایەکم هەبێ، سبەی دەردەکەوێت کاممان ڕاستین، دواجار دەرکەوت نوورەددین زازا ڕاستتر بوو، ئەوان لە زیندان هێمن بن باشترە، نەبن بە پیاوی حکوومەتی فلان و دژی کورد، بەڵام قسەی گەورە و ڕەقیش نەکەن، عوسمان سەبری نا، لە زیندانیشدا ڕەق بوو، کە هاتنە دەرەوە قسەی بە نوورەددین زازا دەوت، کە نوورەددین زازا ئاوا لە زینداندا جۆرێک سازشی کردووە، بەڵام من (حەمزە نوێران)یشم دی، لە دامەزرێنەرەکانی پارتی بوو، ئەو دەیوت نوورەددین زازا ڕاستتر بووە، ئێمە لەو زیندانەدا دەبوو هێمنانە قسە بکەین، قسەی وامان نەکردووە کە دژی کورد بێ، دژی پارتەکە بێ، دژی فلان بێ، بەڵام قسەی ڕەق نەکەین، عوسمان سەبری ڕەق بوو، بەو جۆرەش ڕۆیی، بەڵام دوو مامی لە تورکیا ئیعدام کراوە، کاتی خۆی کە هاتووە، کوڕی بنەماڵەیەکی گەورەیە، کوڕەکەی وڵاتۆ، شیوعی بوو، لەو دواییەدا کوژرا، کوڕەکەی دیکەی هۆشەنگی ناو بوو، ژنێکی چەرکەسی هەبوو، لەو دواییەدا عوسمان سەبری لە دایکی وڵاتۆ جیا بووەوە، من وڵاتۆم نەدیوە، بەڵام هۆشەنگ لە بەرلین دەرمانخانەی هەبووە، نازانم ئێستا مابێ یان نەمابێ. لە شام چایخانەیەکمان هەبوو، (مام جەلال)یش دەهات و شیوعی دەهات و لە شام دادەنیشتین، چایخانەی ئەبولعزیان پێ دەوت.

**ڕامان:** ئەو ئەبولعزە کورد بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نا، بەڵام ئەوە چایچی بوو، لای ئەو دادەنیشتین، دوو ئەردەنیش کە شیوعی بوون، لەگەڵمان دادەنیشتن، چایخانەی بەعسییەکانیش لەولاترەوە بوو.

**ڕامان:** تەنیا سیاسییەکان لەوێ دادەنیشتن؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئائا، خەڵک دادەنیشتن، ئودەبا دادەنیشتن، زۆربەی شەو لەگەڵ عەلی فەتاح دزەیی لەوێ دادەنیشتین، خواردنەوە و مەشروب نەبوو، بەڵام چای هەبوو، بەو بەرەوە هاقانە چایخانەیەکی ڕاقی بوو، قەدری بەگ و ئەوان لەوێ دادەنیشتن.

**ڕامان:** بێجگە لە ڕەوشەن بەدرخان لە بەردخانییەکان کێی دیکەت ناسیوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** سینەم خانم، هەروەها ئوسەیمەم ناسی، بەڵام دەرکەوت لە بەدرخان نییە، چونکە جارێک لەوێ مەحکەمەی شەعب بوو، عەفیف ئەلبزری کە ئەفسەرێکی شیوعی بوو، سەرۆکی ئەرکانی سپا بوو، من جەمشیدم بردە ماڵی قەدری بەگ، ئەوان نێوانیان خۆش نەبووە، لەگەڵ کامەران بەگدا، نەک لەگەڵ جەلادەت، هەموویان بە گەورەیی وەک خوێندەوار، وەک کورد باسیان دەکرد، کە جەمشیدم بردە لای قەدری بەگ ئەولاولای ماچ کرد، زۆری پێخۆش بوو، ڕەسمیشمان بە کۆمەڵ هەیە، جەمشیدی تێدایە، جەمشید هەر ئەو کوڕەی هەبوو، ئەو دوو کچەیشی هەبوو، ئەویان لە جەلادەت بەگ بوو، ئەویان لە ئوسەیمە بوو، چونکە ئێمە بۆ دادگاکە چووین، کارتم پەیدا کردبوو.

**ڕامان:** داگایی کێ دەکرا؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەو جەماعەتەی سەر بە نووری سەعید بوون، سوبحی ئەلعومەری و کۆمەڵێک بوون، جەماعەتی سەر بە نووری سەعید بوون، یەکێکی بەناوبانگ بووایە، نایب و ئەوانە دادگایی دەکران، حوکمیش دران، کوڕی هاشم ئەتاسی، تەنانەت محەمەد زلفۆ، کە ئەویش ئەفسەرێکی کورد بوو، ئەو کاتە لە قیادەی سپاکەدا بوو، محەمەد زلفۆ وتی ئەمانە ئیعدام دەکەین، نەگەیشتینە ئەوەی بتوانین کوڕی هاشم ئەتاسی ئیعدام بکەین، هاشم ئەتاسی، سەرۆکی کۆمار بوو، ڕاستە لەگەڵ نووری سەعیدا ڕێک کەوتبوون بچنە ناو بەغدا و ناو سووریا، گرتیانن و حوکمیان دان، بەڵام ئیعدامیان نەکردن، ئینجا عەفیف ئەلبزری شتێکیان دروست کرد، بۆ قایم کردنی دەوری شام سەنگەرێکیان هەڵکەند، لەبیرمە (محەمەد سالح عەبەلی)شم لەگەڵ بوو، محەمەد ساڵح عەبەلی، ئەو کاتی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی بوو، بە کۆمەڵ چووینە سەرەوە، شاخی قاسیون، کە حەی ئەکراد لەژێر قاسیوندایە، ئەولای حەی ئەکرادە، خوارەوە مەساکن بەرزەیە، ئەوێش ئێستا کوردە، چووینە سەر قاسیون، ئەو سەنگەرە بەدەوری شامدا لێدەدرا، تومەز ئەودیوی قاسیون دەشتێکی پانوبەرینە، کە سەرکەوتین و ئەوەمان دی، ئێمە دانیشتبووین و خەریک بووین چاڵمان لێ دەدا، عەفیف ئەلبزری سەرۆکی ئەرکانی سپا هات، بە خۆی و بە ئوتۆمبێلێکی جێبەوە هات و پاسەوانێک دووانی لەگەڵ بوو، من ئەوکاتە پرسیارێکم لێ کرد، وتم ئەم سەنگەرە بەدەوری شامدا سوودی هەیە؟ چونکە تورک سپای هێنابووە سنووری حەڵەب بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر سووریا، سووریا بوو بە دیموکراتی، سەبری عەسەلی سەرۆکوەزیران بوو، خالید عەزم وەزیری بەرگری بوو، کەسێکی پێشکەوتنخواز بوو، ترک ویستی هێرش بکاتە سەر سووریا.

**ڕامان:** بۆچی ویستی هێرش بکاتە سەر سوریا؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بە حیساب سووریا لەگەڵ سۆڤییەتدایە و بێن سووریا داگیر بکەن، ئیتر گەنج بووم پرسیارم لێ کرد، وتی نەوەڵڵا سوودی نییە، ئەمە بۆ باری دەروونییە، بە دەوری شامدا ئەم سەنگەرە لێدەدەین، بە حیساب ترک ناتوانێ بێت شام بگرێت. لە قسەمدا زانی من عێراقیم، ئینجا ئێمە ئێستا بەسەر قاسیونەوەین، خوارەوە حەی ئەکرادە، ئێمە دڵنیاین کە تا دوا کورد دەکوژرێ، حەی ئەکراد تەسلیم بە ترک ناکرێت، بەڵام ئەوە بۆ باری دەروونی ئەم سەنگەرە دروست دەکەین، ئەو دیوی دەشتێکی پانوبەرین بوو، سەیر بوو تا لای سنووری لبنان دەکشا، ئەوە بیروڕای عەفیف ئەلبزری بوو، ئیتر دوایی عەفیف ئەلبزری، جەمال عەبدولناسر کە وەحدە بوو، کردی بە فەرماندەی سپای ئەوەڵ لە میسر، بردیبیە ئەوێ بۆ ئەوەی لە سووریا نەمێنێت، دوایی وازی هێنا و هاتەوە، کە هاتەوە حزبی شیوعی خەڵکی دەنارد بۆ لای بۆ بەخێرهاتنەوەی، ئێمەش کۆمەڵێک قوتابیی زانکۆ بووین، چووین بۆ ماڵەوە بۆ لای، وتی ڕەنگە مەسەلەی من زیاتر شەخسی بێت، من بیروڕایەکم هەیە،

ئاخر من عەسکەریم، لەبەر ئەوە لە میسر ئیدارەم نەکردووە و هاتوومەتەوە، ئیستیقالەم کردووە و لە ماڵەوە دانیشتووم. ئەوەبوو هاتەوە شام، نازانم تا کەی مابێت، یان چی لێهات، پیاوێکی گەورە و چاک بوو. (محەممەد زلفۆ)شمان هەبوو، برازای عەلی ئاغای زولفۆ بوو، ئەوە مام جەلال ئەوجارەیان کە منی لەگەڵ خۆی برد بۆ شام، کۆمەڵێک ئیشم بۆ کرد، وتی لە شیوعی ئەم ناوچەیە کێ لێرەیە؟ وتم سعودییە حزبێکی شیوعیان هەیە، بەڵام لە ئارامکۆ، لە هی نەوت، لە حیجاز و نەجد نییانە، وتی دەیانناسی؟ وتم سکرتێرەکەیان برادەرمە، عەبدولعەزیز سنێدی ناوە. مام جەلال وتی حەز دەکەم ببینم، مام جەلالیش هێشتا لەگەڵ مەلا مستەفا تێک نەچووبوون، بەڵام دیارە وەک شتێک دەیویست خۆی دەربخات.

**رامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوە ١٩٦٤، دەیویست دەری بخات، کە نفووزی هەیە، وتی کێی کەش؟ وتم لە بەحرەینیش حەرەکەتولوەتەنییەک هەیە، بەڵام حزبێکی شیوعی هەیە لە کۆبوونەوەی ئەحزابی شیوعیدا ئامادە دەبێ، وتی دەمەوێ ئەوانیش ببینم، ئیتر ئەوانیشم برد بۆ لای، فاروقی برام وتی ئەمە چۆنە تۆ دەبات؟ وتم ئەوە مام جەلال ئیشی پێمە، ئیشی ئەوانەم بۆ کرد، ئینجا بردم بۆ لای محەممەد زلفۆ، نەخۆش بوو تووشی شێرپەنجە بوو مرد، محەممەد لە سپادا بوو، برازای عەلی ئاغای زلفۆ بوو، کە شەخسییەتی کوردی ئەودەم بوو، مام جەلال چەپکێ گوڵی کڕیبوو، لەبەر دەرگاکە هەردووکمان بووین، وتی ئەم سەفەرە زۆرت ئیش بۆ کردم، بەڵام دەبوایە محەممەد زلفۆ ببینم، وتی ئەم پیاوە شتێکی بەسەر منەوە هەیە، ساڵی ١٩٥٧ کە دەچووم بۆ مۆسکۆ بۆ میهرەجانی لاوان و گەنجان، وتی من پەساپۆرتم نەبوو کە بچم، هەر ئەو ڕۆژە پەساپۆرتی سووری بۆ دەرهێنابوو، دەسەڵاتی لە سپادا هەبوو، پەساپۆرتێکی سووری بۆ دەرهێنام و بەوە چووم بۆ مۆسکۆ، وتی ئەم پیاوە بەسەر منەوە هەیەتی، هاتنمان بۆ لای لە هەموو ئیشەکانی کەت گەورەترە. چووین دانیشتین هەر لە ڕێگەشەوە وتی دەمناناسی؟ وتی جەلال تاڵەبانی، عیزەددین ڕەسووڵ، ئیتر کەوتینە قسە و باسی جزیرە، کە ئەو دەوری هەبووە، محەممەد مەنسوورە لەوێ هەبوو، لەگەڵ کورد ڕێک بوو، ئێستاش لە شامە، نازانم نەما، موخابەراتی سووری بوو، پێوەندیی لەگەڵ کورد خراپ نەبوو، وتی من پێم وتن ئەویان برد، قسەی بۆ کردین، ئیتر مام جەلال وتی ئەمەیان لە هەموویان زیاتر لەلام گرینگتر بوو، زۆری پێ نەچوو محەممەد زلفۆ مرد، برازای عەلی ئاغای زلفۆ، کە شەخسییەتێکی کورد بوو مرد.

**رامان:** ئەی باشە ئەو ماوەیەی کە لەوێ خوێندت، دوای ئەوەی لێرە فەسڵ بووی، کە گەڕایتەوە دیسان لە خوێندن تێهەڵچوویتەوە، جیاوازیی خوێندنی ئەوێ لەگەڵ ئێرە چۆن بوو؟ باشتر، یان خراپتر بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** جیاوازی زۆر بوو، باشتر بوو، لێرە مامۆستای چاکمان هەبوو، کەمال ئیبراهیم، مستەفا جواد، مستەفا جواد ئەوەڵەکەی لە یەک و دوودا بووم، دەرسی پێ وتووم، لە سێ و چواریش ڕێگایان دام ئیمتیحان بدەم، دەرسی پێ وتووم، مامۆستای باشمان هەبوو، ئەوە نەبوو نەبێ، بەڵام ئاستەکەی سووریا باشتر بوو.

**رامان:** دەتەوێ بڵێی مەنهەجی خوێندن لێرە باش نەبوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، محەممەد موبارەک، کە کەفیلی ئیخوانولموسلیمین بوو، ئینجا قورئانی نەزەری و عەمەلی پێ دەوتین، قوتابییەکانی کۆلێژی پزیشکی گاڵتەیان پێ دەکردین، قورئانی نەزەری چییە و عەمەلی چییە؟ قورئانی نەزەری ئەسبابی نزوولە، ئەمە بووە کە هاتووەتە خوارەوە، ئایەتی مەککی و مەدینییە، کە جیاوازییان هەیە، کۆمەڵێک شتە، ئەمانە شتی نەزەرین لە قورئاندا، عەمەلی ئەوەیە ئایەتەکە شەرح بکات، ئێستاش لەبیرمە کە دەیوتەوە، یانی ئاستی خوێندنەکەی ئەوێ لێرە بەرزتر بوو، ئەوەی کە بیرمە لێرە کەمال ئیبراهیم، یان مستەفا جواد دەرسیان پێ دەوتین.

**رامان:** ئەوانەی ئەوێ کێ بوون؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوانەی ئەوێ سەعید ئەفغانی بوو، محەممەد موبارەک بوو، بەڵام ئاستی خوێندنەکە زۆر بەرز بوو.

**رامان:** بیستوومە باسی شێخ مەحموودی نەمریش دەکەن، دەڵێن پیاوێک بووە لە ڕەچەڵەکناسیدا زۆر شارەزا بووە، کە یەکێکی دیوە یەکسەر چووەتەوە سەر باوک و باپیرانی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵێ، یەکسەر دەیوت

تۆ فلانی کوڕی فلانی.

**ڕامان:** تێبینی دەکەم تۆ لە ڕەچەڵەکناسی و بردنەوەی خەڵک بۆ سەر شەجەرەی عایلەکەی و باب و باپیر و ئەمانەدا شارەزاییەکی باشت هەیە، ئەوە لە چییەوە هاتووە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نازانم بەعزێک توانایی و قابلییەت هەیە، ناچیتەوە سەری لە کوێوە هاتووە، من زۆر شت لە باوکمەوە فێر بووم و بۆ خوێندن سوودم لێ وەرگرتووە، تەنانەت لەلایەنی فیکر و بیر و شتی وا، پێم وتی کە سەرەتا نزیکی چەپ بوو، دوایی لە مەسەلەی فەڵەستیندا تۆزێک لێیان ڕازی نەبوو، ئیتر ئەوە بایەخ پێدانێکە، پاشان هێندێک توانایی و قابلییەت هەیە نازانی چۆن دروست دەبێت؟ ئێستا من شیعرم چاپ کردووە، وەک ئەو دیوانە، بۆخۆم دەڵێم ئەوانە بەکەڵکی بڵاوکردنەوە دێن، ناڵێم لە شیعری باشی کوردین، بەڵام دەخوێنرێنەوە، هەیە پێم دەڵێ تۆ نەدەبوو چاپی بکەی! بۆ؟ من دەبێ بە حیسابی ئەو گۆران بم، (گۆران)ێکمان هەیە، من (شێرکۆ بێکەس)یش نیم، بەڵام دەخوێنرێنەوە و هێندێکی دەکرێت بە گۆرانییش.

**ڕامان:** تۆ هەوڵت داوە چیرۆکیش بنووسیت، چیرۆکی کورت، ئەوانەت پێ چۆنن؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کۆمەڵێکم هەیە، لە ناو کتێبەکان تیایەتی، بەڵام من نەبووم بەو چیرۆکنووسە.

**ڕامان:** ئەوانە بەرهەمی چ ساڵێکن؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ساڵانی شەستەکان.

**ڕامان:** ئەگەر قسەیان لەسەر بکرێ دەبێ حیسابی شەستەکانیان بۆ بکرێ؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵێ، حیسابی ئەو کاتەیە، بەڵام ئاخر ئەوەشم پێ وتی، تۆ چاوەڕێ دەکەی من شتێک بنووسم لە ئاستی حسێن عارف بم، هەرچەندە حسێن عارف بەلای منەوە لە چیرۆکنووسە هەرە باشەکانمانە، بەڵام هەولێرییەکان دەیانوت شێرزاد حەسەن باشترینە، ئەوە محەممەد خدر دەیوت، من دەموت حسێن عارف باشترین چیرۆکنووسە، ئەو دەیوت نا شێرزاد حەسەن باشترینە، دەموت ئەوە هەولێرچێتی دەکەی. حسێن عارف چیرۆکنووسی چاک بوو، با بڵێم تۆ دەتەوێ من حسێن عارف بم، نەخێر حسێن عارف نا، برایم ئەحمەد بم، لەو ڕۆژانەدا گەلاوێژخان هات بۆ لام، دەیوت لە نووسیندا تەمەڵ بوو، (ژانی گەل)ی هەیە، ئاستی شیعرەکانی باشن.

**ڕامان:** چیرۆکەکانی ئەوەی لە کتێبێکدا بەناوی کوێرەوەری کۆ کراوەتەوە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، کوێرەوەری، بەڵێ چیرۆکەکانی.

**ڕامان:** ئێستا گەلاوێژخان ئەویش هەوڵی ڕۆمان نووسینی هەیە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** من وامدەزانی کاک برایم یارمەتی داوە، بەڵام کاکە حەمەی ڕەسووڵ هاوار پێی وتم من و برایم ئەحمەد تەنیا پێیدا چووینەتەوە، ئەویش لە ڕووی کوردییەوە، ئەگینا خۆی نووسیویەتی.

**ڕامان:** بیرۆکە و داڕشتنی خۆیەتی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، خۆیەتی، ئاخر ئەویش ڕاستە ژنی کاک برایمە، بەڵام لە ژیانی خۆیدا زیاتر لەژێر کاریگەریی کاک هەمزە عەبدوڵڵادایە، کە خاڵی بوو، یانی ئەگەر بێیتە سەر ناخی دڵی کە دەری نابڕێت، هەمزە عەبدوڵڵای لە هەموو کەس خۆشتر دەویست، هەمزەش شەخسیەتێکی گەورە بوو، مێژوویەکی لەناو کورددا هەیە، بەداخەوە کە ئەو بایەخەی پێ نادرێت، هاتیشەوە، کە هاتەوە من چووم بۆ لای.

**ڕامان:** لە کاتێکدا کە سکرتێری حزبێکی گەورە بوو، ئاگات لێ بوو کە چوو دانیشت ئیتر لە ژیانیدا قسەیەکی بەرز و نزمی بەرانبەر بە ئەم حزبە نەکرد.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نانا، کە هاتەوە، من لەگەڵ حەمەکەریم فەتحوڵڵا چووین بۆ لای،ماڵێکیان لە نزیک سەرچنار بۆ گرتبوو، لەوێ بوو، ئیتر کە منی دی پێش ئەوەی دەست بکاتە ملم و قسە بکات، وتی کتێبی (خانی)یەکەتم دووجار خوێندووەتەوە، کە بە عەرەبی چاپ کرابوو، ئیتر دانیشتین و کەوتینە قسە، وتم ئەوە چۆنە هاتوویتەوە؟ وتی دەمەوێ قەبرەکەم لێرە بێ. خۆیان لە ئەسڵدا خەڵکی (وان)ن، هاتوونەتە زاخۆ و دوایی هاتووەتە کوێ و کوێ، ئیتر لە سیتەکیش ناشتیان، چونکە بەینێک لە سیتەک لای شێخ لەتیف بووە، بەینێک لە کەرکووک لە ماڵی سەید ئەحمەدی خانەقا بووە، ژیانی زۆری بە خۆشاردنەوە و ئەوانەوە خەریک بووە، لە یەکەم دامەزرانی حزبی شیوعیدا تێدا بووە، بەڵام لەپاشان ئەو لە مهابادەوە هاتەوە، لیستەکەی هێنا،

که پارتی دروست دەبێت و مەلا مستەفا سەرۆکە و کاکە زیاد جێگرە و شێخ لەتیف جێگرە، یانی لە مێژووی کورددا پیاوێکی گەورەیە. من بیرمە جارێک ئێمە چووین، لە بەغدا زۆر ڕۆژ نیوەڕوان لە ماڵی ئەوان نانمان دەخوارد، لێرەوە جارێک فەردەیەک برنجم برد، هەر لە دەرگاکەوە وتی خێرە! ئەوەت بۆ هێناوە، وتم باوەڕ بکە هی خۆمانە، لە تەپە ڕەشی نزیک قلیاسانەوە مڵکمان هەبوو، باوکم دایەوە بە ئەوقاف، لە دێلێژەش هەمانبوو، وتم هی خۆمانە، نەمکڕیوە، من ئەوە ساڵێکە لێرە نان دەخۆم، ئەوە خەیاڵ گرتوومی و هێناومە.

**ڕامان:** ئەو کاتەی لە بەغدا بوو، زۆر لاتەریک بوو بۆ ئەوەی ڕووناکی نەیەتە سەری و نەبێتە جێگەی سەرنج.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** خۆی هەر تەبیعەتی وابوو، تێکەڵ نەدەبوو.

**ڕامان:** خۆی بە چییەوە مەشغووڵ کردبوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** زۆرتر بە خوێندنەوەوە.

**ڕامان:** حەزی لە یاری وەرەقیش دەکرد؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، یاری کۆنکەن و شتیان دەکرد، بەڵام خۆ لەسەر پارە نەبوو.

**ڕامان:** بۆ ئەوەی ئینتباعێک بە حکوومەت بدات کە وازی لە سیاسەت هێناوە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بە هەموو حاڵێک پیاوێکی گەورەیە لە مێژووی کورددا.

**ڕامان:** من زۆر ڕێزی ئەو هەڵوێستەی دەگرم، کە دوای دوورخستنەوەی لە سکرتێری حزب، ئیدی بیرای ببڕ وشەیەکی ناشیرینی بەرانبەر پارتی و بارزانی نەوت.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوە بوو جیابووەوە، مەلا مستەفای لە بەغدا دیبوو، وتی چووم وەک ڕێز و بە پێکەنینەوە ڕۆژباشێکم لێ کرد، وتی ڕووی نەدامێ، منیش قسەم نەکرد و هاتمە دواوە. ئەوە بە حیساب جیا بووەتەوە، چەند جارێک بە کاک عەزیز محەممەدم وتووە، چونکە وابزانم ئەو دواییە هاتەوە ناو حزبی شیوعی، کاک عەزیز محەممەد باسی دەکات کە هەر پێشکەوتووخواز و هەر چەپ بووە، پێم وت ئەگەر ئەم بووە بە ئەندام بیڵێ، پێم خۆشە وەک ژیانی ئەو پیاوە بزانرێ، کاک عەزیز محەممەد نایڵێ.

**ڕامان:** ئاخر خۆی لەبەر ئەوە لە سکرتێری حزب لایان بردووە، کە وتوویانە پارتیی کردووە بە لقێکی حزبی شیوعی، ئێستا ئەوە بەسەرخۆیەوە بسەلمێنێ قورسە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کاک عەزیز محەممەد، خۆی قسەیەکی هەیە هەمیشە دەڵێ نهێنی بەلای منەوە نهێنییە، شتێکی حزبی کە نهێنی بێت، نهێنییە لەلام.

**ڕامان:** دەبێ بمێنێتەوە و نەدرکێ؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، نایڵێ، چەند جارێک پێم وتووە، هەمزە عەبدوڵڵا هاتەوە ڕیزی حزبی شیوعی و بووەتەوە ئەندام؟ ئەو هیچی لەو بارەیەوە نەدەوت.

**ڕامان:** ئێمە باسی ئەو قۆناغەمان کرد کە لە سووریا بوویت و دوایی هاتیتەوە لێرە زانکۆت تەواو کرد، دوای ئەوەی زانکۆت تەواو کرد، ئیدی خەریکی چی بووی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئیتر چووین بۆ سۆڤییەت.

**ڕامان:** یەکسەر ڕۆیشتی، یان دوای چەند ساڵێک چووی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نا، بەینێک لە دیراسەی کوردی کارم کرد، دکتۆر سدیق ئەترووشی بەڕێوەبەری گشتی بوو، ئەو کاتە وەکیل وەزیر و فلان و ئەو شتانە نەبوو، وەزیر هەبوو، بەڕێوەبەری گشتی هەبوو، بەڕێوەبەری گشتی، خوێندنی گشتی بوو، خوێندنی گشتی، واتە خوێندنی ناوەندی و خوێندنی سەرەتایی عایدی ئەو بوون، ئەوەبوو بەڕێوەبەرێتی خوێندنی کوردیشیان دروست کرد، من لەوێ دامەزرام، هەر دکتۆر سدیق ئەترووشی سەرەتا لە ناوەندی سلێمانی تەعینی کردم، چونکە خەڵکی سلێمانی بووم، دواتر وتی کاکە شوێنی تۆ لە دیراسەی کوردییە، دەبێ لێرە بیت.

**ڕامان:** لێرە، لە سلێمانی کە هاتیتەوە لە کوێ موباشەرەت کرد؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** دیراسەی کوردی لەولای وەزارەتی مەعارفەوە بوو، هاتمەوە بۆ سلێمانی یەک ڕۆژ لە مەکتەبی ناوەندی لە یەکەوە تا پێنج بوو، مووسا سەمەد عەینی ڕۆژ موباشەرە و ئینفیکاکی بۆ نووسیم، ئیتر چوومەوە دکتۆر سدیق ئەترووشی لە دیراسەی کوردی دایمەزراندم، لەوێ بەرپرسی شتێک بووم، بیرم نایەت، چەند مانگێک، ساڵیشمان تەواو نەکرد، ئەوە بوو عەمیدی کولییەی ئاداب، د. باقر عەبدولغەنی ئەلبەلداوی، سۆڤییەت زەمالاتی دا بە عێراق، وتی بڕۆن زەماڵە پەیدا کەن، ئەوە بەشی کوردی کراوەتەوە، دکتۆر قاسملوو کردییەوە، زەمانی ئەو

کرایەوە، بەشی کوردی مامۆستای پسپۆڕیان نەبوو، دکتۆر قاسملوو مێژووی دەوتەوە، دکتۆر عەزیز شەمزینی دەرسی دەوتەوە، کۆمەڵێک بوون، گۆران، شاکر فەتاح بوون، ئیتر ئێمە هەوڵمان دا، هەر بە هۆی دکتۆر (سدیق ئەترووشی)یەوە، توانیمان لەو زەمالاتانەی سۆڤییەت بەدەست بێنین، لێرە خوێندنی باڵا نەبوو، ئەوە بوو ئێمە چوار کەس قبووڵ کراین، (کاوس قەفتان)یش مانگێک پاش ئێمە هات، چوار کەسەکە من و مارف خەزنەدار و کەمال مەزهەر و نەسرین فەخری بووین، کاوسیش دوایی هات.

**ڕامان:** ئێوە یەکەم دەستەن کە چوونەتە ئەوێ بۆ خوێندنی باڵا؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ساڵی دوایی دکتۆر ئیحسان فوئاد و ئەوانیش هاتن، جا ساڵێک لە مۆسکۆ دەورەی زمانمان خوێند، ئینجا من و کەمال و نەسرین چووین بۆ باکۆ و مارف و کاوس چوون بۆ لینینگراد.

**ڕامان:** ئێوە بۆ چوون بۆ باکۆ؟ بۆ لە یەکتر جیابوونەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ڕەحیمی قازی کە زانی ئێمە هاتووین، لە باکۆوە هات، من کاغەزێکی (نافیع یوونس)م بۆ بردبوو، بەرپرسی خەتی سەربازی حزبی شیوعی بوو، ئینجا ڕەحیمی قازی هات، من و مارف چووین بۆ لینینگراد، وتمان با بچین بەشەکە ببینین، بزانین چۆنە، کە چووین کوردۆییف هاتبوو، فرۆکە نەبوو، بە قیتار بە پیرمانەوە هات، من و کاوس قەفتان چووینە هوتێل، مارف چووەماڵی کوردۆییف.

**ڕامان:** کاوس قەفتان مانگێک دوای ئێوەش هاتبوو، کەچی بە ئێوە گەیشتەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئیتر مارف خەزنەدار چووە ماڵی کوردۆییف، زۆر نیوەڕۆ بانگی دەکردینە ماڵی خۆی، کوردۆییف بۆ هەستی کوردایەتی، زۆر کورد بوو، مەلا مستەفاشی زۆر خۆش دەویست.

**ڕامان:** دیارە دیویەتی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئائا لە سۆڤییەت، لە نزیکەوە دیبووی.

**ڕامان:** کە باسی بارزانی دەکرد چی دەوت؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** دەیوت بارزانی گەورەیە و قائیدە، مەلا مستەفای زۆر خۆش دەویست، بەڵام من سەیرم کرد ئێمە لە لینینگراد سوود وەرناگرین.

**ڕامان:** بۆ سوودتان وەرنەدەگرت؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کوردۆییف ئەوەندە لە مەسەلەی زمان و ئەوانە فێر بووبوو کە خۆی بە تەلەبایەتی خوێندبووی، کە قوتابیی دکتۆرا بوو، لە لینینگراد خوێندبووی، کوردی ئەولایە، دەیویست بەهۆی ئێمەوە فێری لەهجەکە ببێت، من ئەو ئیستینتاجەم کرد، مارف خەزنەدار و کاوس قەفتان بڕیاریان دا بچنە ئەوێ، مەسەلەکە بەتایبەت لای کاوس، ئەو کاتە مەلا مستەفا لەلای هەموو شتێک بوو، پارتی بوو، بە هەرحاڵ ئێمە من و کاوس، هاتینەوە، ڕەحیمی قازی هات بۆ مۆسکۆ و دەعوەتی کردین، ئەو و سوڵتان ئۆتەمیشی هەبوو، دکتۆر بوو، لەو دوا دواییەدا لە کۆسۆڤۆ مرد، کوردی مهاباد بوو، پێکەوە هاتبوون، دەعوەتیان کردین، وتی ئێوە ئەگەر بەش بن قەی ناکا بچنە لینینگراد، چەند کەسێکتان بێنە باکۆ، بەشێکی ڕۆژهەڵاتناسی هەیە، بە ناوی ڕۆژهەڵاتناسی، دووانمان وەرگرتووە، حوسێن عەلی شانۆف دەینووسی کوردئۆغلێ و عەلی گەلاوێژیش لەوێ بوو، ناردمان بەدوایدا، کوردئۆغلۆی کوێ، دەیوت من کوردم و خەڵکی کەڵباجارم، دەوەرە کوردی بخوێنە، ئەویان بردبوو، کچێکیشمان هەبوو زومرد شەفیعۆڤا، ئەو دووانەی لێ بوو، وتی ئێوەش بێن دەتوانین بیکەین بە بەشێکی کوردی لەو ڕۆژهەڵاتناسییەدا، من و کاوس قەفتان و نەسرین فەخری بڕیارمان دا بچینە باکۆ. سەرەتا کەمال مەزهەر لەگەڵ من و مارف خەزنەدار نەهات بۆ لینینگراد کە بەسەردان چووین، تەبیعەتێکی تایبەتی هەبوو، تاقەتی نەبوو بێت، بەڵام ئێمە سەرێکمان لە لینینگراددا.

**ڕامان:** (ڕەحیمی قازی)ش لە باکۆ بوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەو لەوێ بوو، هەر لە باکۆش مرد، دواجار ئێمە بڕیارمان دا بچینە باکۆ، ساڵێک لە مۆسکۆ لە خولی زمانی ڕووسی بووین، دوایی چووینە باکۆ، زۆرجار کەمال مەزهەر بە منی دەوت تۆ منت بردە باکۆ. دەموت کەمال تۆم نەبردایەتە باکۆ، نەدەبووی بەو کەمال مەزهەرە، لە باکۆ ئەرشیڤی (کەی. گی. بی) و موخابرات و ئەرشیڤی حزب و ئەرشیڤی ئەکادیمی هەموویان خستە بەردەستت، لەوێش بەڵگەنامەیان زۆر بوو، بە تایبەتی هی مهاباد، کە ئەوان سەرپەرشتییان دەکرد، ئێستاش کەمال مەزهەر دنیایەکی

لەو بەڵگەنامانە لەلایە، کە بڵاوی نەکردوونەتەوە.

**رامان:** ئەوە زۆر گرینگە، ئەو بەڵگەنامانەی کەوتنە بەردەستی دکتۆر کەمال مەزهەر، بۆچی تا ئێستا بڵاوی نەکردوونەتەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەو تەبیعەتێکی تایبەتی هەیە.

**رامان:** چونکە هەموو بەڵگەنامەیەک چەند نهێنیش بێ، پاش سی ساڵ قابیلی بڵاوکردنەوەیە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەو وا دەزانێ خۆی فریا دەکەوێ هەموویان بڵاو بکاتەوە، بەڵام ئێستاش دەزانم شتی لەلایە کە بۆ بڵاوکردنەوە دەست دەدا، دەیەوێ بەرە بەرە بڵاویان بکاتەوە.

**رامان:** بەڵگەنامەی سەردەمی قازی محەمەد و ئەوانەی کەوتووەتە بەردەستی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئیتر زۆری لە لایە، چونکە ئەوانەی باکۆ بەرپرس بوون لە کۆماری کوردستان، من لەوێ ئەسەدۆفم ناسی.

**رامان:** وابزانم وتت (ڕەحیمی قازی)ش یەک دنیا شتی خرابووە بەردەست؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەی چۆن، ئەو زۆری لەبەردەستدا بوو، پێم وتی ئەسەدۆفم دیت.

**رامان:** ئەسەدۆف کێیە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەسەدۆف، ئەو کاتەی کە من لە باکۆ بووم بەڕێوەبەری هۆتێلی ئین توریست بوو، بیرمە جەمال عەبدولناسر، سۆکارنۆ لەوێ دابەزین، واتە گەورەترین هۆتێلیان بوو، هی شەخسییاتەکان بوو، ئەو خانەنشین بوو، بوو بە بەڕێوەبەری ئەو هۆتێلە، من دەچوومە لای، قۆرییەکەی دەخستە سەر کتری، چای بۆ تێدەکردم، قسەی بۆ دەگێڕامەوە. وتی من لە مهاباد بە ڕەسمیی بەرپرسی کاروباری ئابووری بووم، بەڵام ڕاستییەکەی وانەبوو، لەلایەن حکوومەتی سۆڤییەتەوە لە ئیشی کۆمارەکە من بەرپرسی یەکەم بووم، هی (کەی گی بی) و فلان و ئەوانە. شتێک هەیە ئەو کاتە لە باکۆ نەدەوترا، بەڵام ئێستا نا، ئێستا ئاسانە، من کوردم و کەڵباجاریم، ئینجا سێ قەزایان هەیە، کەڵباجار، قوبادلی، زەنگەلان، ئەوە (کوردستانی سوور)یان پێ دەوت، دوایی بوو بە کوردستانی ئازاد، ئێستاش هەر ئەوەیە، ئەم جارە من پێنج ساڵ لەوە پێش چووم، ئێستا ئەرمەنی داگیری کردووە، بەڵام کوردستانە. وتی من لە حوکمی سۆڤییەت بەرپرسی ئیشەکە بووم. یەکێکی دیکەشت پێ دەناسێنم، سەلاحەددین قوربانۆف، ئەویش کوردە و لە مهاباد بەرپرسی سەربازی بووە، ئەویشم دی، زۆر شتیان بۆ گێڕامەوە، دوای نەمانی کۆمارەکە، زۆر بە گەورەیی باسی قازی محەممەدیان دەکرد، حاجی بابەشێخ، لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەیەکی گەورەیە و سەرۆکوەزیران بوو، ئیتر دوای ئەوە ناوی نەما، نە گیرا و نە ئیعدام کرا و نە هیچ، بەڵام عائیلەیەکی گەورە بوو، زەبیحی وتبووی باشە ئەوە بۆ کوردی ئێرە هیچی نەبوو بە شت؟ وتی ئاخر بڕیاری سۆڤییەت ئەوە نەبوو کە ئێمە لە ئێران جیا بینەوە، لەناو حکوومەتیشدا دوو کۆماریان دروست کردووە، ئازەربایجان و کوردستان، حکوومەتیش لە تاران پاشایەتییە، بەڵام نیازەکە گەورەتر بوو، تەنانەت زەبیحی دەیوت بەتەما بووین، ئەگەر ساڵێکی دیکە دەوام بکات، ئەوە بەرەو عێراق دەهاتین، زەبیحی ئاگای لە زۆر شت بوو، ئیتر (قازی)ش بەو شێوە پیاوانەیە مرد و بڕیار وابوو کە ئیتر کۆمارەکە نەمێنێ و نەیانهێشت، ئەوان لەگەڵ قەوامولسەڵتەنە ڕێک بوون.

**رامان:** ئێوە دوای ئەوەی زمانتان خوێند، دواتر چیتان کرد؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئێمە چووین بۆ باکۆ، من هەمیشە بە کەمال مەزهەرم دەوت نەهاتبای بۆ باکۆ ئەو شتانەت نەدەکەوتە بەردەست، لە لینینگراد کوردۆییف چی دەخستە بەردەستت، هیچ شتێکی وات نەدەبوو.

**رامان:** من وا لە تۆ تێگەیشتم کە کوردۆییف لەخۆ نزیک کردنەوەی لە ئێوە، زیاتر مەبەستی بووە لەڕێی ئێوەوە زانیاری وەربگرێ و فێری لەهجەکەی ئێوەش بێت؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوەندەی لە مەسەلەی زمان دەزانی، کە کاتی خۆی خوێندبووی، بەڵام زۆر کورد بوو، هەستێکی کوردایەتیی گەورەی هەبوو.

**رامان:** ئێوە هەستتان دەکرد سوودێکی زۆر لەو وەرناگرن؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نا، کە چووم بۆ لینینگراد لەگەڵ (کاوس قەفتان)دا چووم، یەکەم بڕیارم دا بچمە ئەوێ، بەڵام بڕیاری باکۆمان دابوو، (ڕەحیمی قازی)یش هات بۆ لامان بۆ مۆسکۆ.

**رامان:** کێ بوو بە سەرپەرشتیاری تۆ؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کەسێک نەبوو کە بڵێین کوردی بزانێ، ڕەحیمی قازی پسپۆڕی مێژوو بوو، عەلی گەلاوێژ پسپۆڕی ئابووری بوو، بوو بە سەرپەرشتیاری کەمال مەزهەر، کوردیی دەزانی، بەڵام من موباریز عەلیزادە هەبوو، فارسی ئێران بوو، فارسیی دەزانی، ئەو بوو بە سەرپەرشتیارم، بەڵام لە موناقەشەدا دوو سێیەکی گەورەیان هێنا، حەمید ئەراسلی، کە زانایەکی گەورەیان بوو، ئەو زانایە دواتر کورەکەیم دییەوە، ئێستا سەفیری ئازەربایجانە لە عەمان، بەسرپێرار ڤیزەی دامێ چووم بۆ باکۆ، ژنەکەشی کورد بوو. عەزیز ئاغای قولیزادە، ئەویش هەر بە ڕووسی، زانایەکی گەورە بوو، بەڵام ڕەحیمی قازی لەبەر ئەوەی کوردی دەزانی، ئەویشیان دانا، دەنا دووان بەس بوون، بە دەرجە و ئیمتیازی زۆر بەرز من موناقەشەی خۆم کرد، تێزەکەم بە ناوی (الواقعية في الأدب الكردي) بوو، کە دوایی لە بەیرووت چاپ کرا. بە هەرحاڵ مەبەستم ئەوەیە بڵێم کەمال مەزهەر لەوێ نەبوایە ئەو سوودەی وەرنەدەگرت. ئێستاش شتی زۆر لەلایە، ئەوە مارف خەزنەداریش لەو بابەتە بوو، ئەویش وای دەزانی زۆر شت هەیە فریادەکەوێ خۆی بڵاویان بکاتەوە، بەڵام ئاخر مەسەلە عومرە.

**ڕامان:** تێبینی دەکەم، لەو کەسانەی کە لەگەڵ تۆ چوون بۆ ئەوێ بۆ خوێندنی باڵا، تەنیا تۆ لە کات و ساتی خۆی (الواقعية في الأدب الكردي)ـەکەت چاپ کرد، ئەوەی دکتۆر ئیحسان فوئاد ئێستاشی لەگەڵدا بێت چاپی نەکردووە، کە لەبارەی (حاجی قادری کۆیی)یەوە بوو، ئەوەی دکتۆر کاوس قەفتان بە ئیلحاحێکی زۆری خەڵک و خوا بەو درەنگانە چاپی کرد، ئەویش زۆر بەهێز نەبوو.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئاخر ئەو کاغەزی کاک مەسعوود بارزانی بۆ هاتبوو، پیشانی نەدەداین، تێزەکەی ئەو لەسەر بارزان بوو، ئەو کاتە بارزان لای کاوس قەفتان شت بوو، بەڵام تێزەکەی شتێکی ئەوتۆ نییە، کاوس قەفتان خۆی کوڕی چاک بوو، بەڵام ئەو ئاستەی نەبوو.

**ڕامان:** تەنانەت لە چیرۆکیشدا، ئاستی هونەریی نزم بوو.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەو ئاستەی نەبوو، لەگەڵ ئیشەکە و لەگەڵ ئاستەکە هەوڵی نەدەدا.

**ڕامان:** ئەوەی دکتۆر ئیحسان فوئادیش من خۆم پێم وت، بەڵام هەر چاپی نەکرد، ئەو ئوتڕووحانە زۆربەیان نەبینران.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نا من ئەوەی خۆم چاپ کرد، سێ جاریش چاپم کرد.

**ڕامان:** دەزانم لە ساڵی ١٩٦٦دا جاری یەکەم لە بەیرووت چاپ کراوە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** تا ئێستا سێ جار چاپ کراوە، لەو دواییەدا دەزگای ئاراس چاپی کردەوە، لە دەزگای ئاراس بەدران ئەحمەد دوای چاپ کردنی تەلەفۆنی بۆ کردم، وتم دەبوایە پیشانت دابام، ئینجا چاپی بکەی. چاپی یەکەمەکەی هەڵەی تێدایە، چاپی یەکەمی بڵند حەیدەری لە بەیرووت سەرپەرشتیی کرد، وتی ئێمە هەڵەچنمان هەیە، پێم وت لە ناودا هەڵە هەیە، بۆ نموونە عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەبدولڕەحمان زیجی نووسراوە، خۆم بمدیبایە هەڵەبڕیم دەکرد، ئێستا من شتی خۆم، خۆم هەڵەبڕییان دەکەم، چەند تۆ وردەکاری بکەی، بەڵام من حەز دەکەم جارێک خۆم بیبینمەوە، چونکە ئەوانەی کە خەریکن مەرج نییە لێی بزانن.

**ڕامان:** هێندێک جار لە کاتی قسەکردن شتێکت بیستووە، ساڵەکە بە هەڵە دەنووسی.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نا شتێکی خۆت نووسیبێتت، چونکە شتەکە لە زەینتدا تەواوە، وادەزانی بە تەواوی نووسیوتە، ئازاد عەبدولواحید بەگیخانی مەسەلەن، بەگیخانییە، دەزانم، بەڵام من بە حیسابی خۆم بەگیخانیم نووسیوە، کەچی وانییە، ئاوا تەجرووبەی ئەو چاپ و هەڵەچنییەم هەیە، پێم وت دەبوایە پیشانم بدەی، لەگەڵ ئەوەشدا دەزگای ئاراس شتی زۆری کردووە.

**ڕامان:** باسی ڕۆژی موناقەشەکەت کرد، وتت بە ئیمتیازی عالی لەوێ دەرچووی، تۆ ئوتڕووحەکەت بە ڕووسی نووسی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بە ئیمتیازی عالی وەرم گرت، وابزانم سەرەتا بە عەرەبی بوو، دوایی دانیشتین کردمان بە ڕووسی.

**ڕامان:** هەر ئەو عەرەبییەی کە چاپ کرا، ئەوە کرایە ڕووسی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئائا، کردمان بە ڕووسی.

**ڕامان:** ئێستا ئەگەر سەرپشکت بکەن ئەو (الواقعية

في الأدب الكردي)یە چاپ بکەیتـــەوە، چۆنی چاپ دەکەیتەوە، بێجگە لە هەڵەی چاپەکان، بە زانیارییەکاندا دەچیتەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** دەیخوێنمەوە ئەوسا بڕیار دەدەم، ئاخر شتێکیش هەیە، من ئەو کاتە ڕەنگە بیروڕایەکم هەبووبێ، مەرج نییە ئێستا هەمان بیروڕام هەبێ، تۆ حیکایەتەکەی من لەگەڵ فوئاد میسری دەزانی؟ وابزانم بۆم گێڕاویتەوە، زۆری قسە بە شێرکۆ بێکەس دەوت، لەگەڵ شێرکۆ ناڕێک بوو، ئەو کە وەری گێڕا، حەقی ئەوەی نییە بە ڕێگەی پەراوێزەوە هەندێ بیروڕا بڵێ، ئەوە هی دەورێکە، هی زەمانێکە، من ئەو کاتە لە لایەکەوە ئاستەکەم هەر ئەوە بووە، لە لایەکیشەوە سەرچاوەیەکی گرینگە، ئێستا کتێبەکە ئەوە سێ جارە چاپ دەکرێتەوە، مانای ئەوەیە قیمەتی هەیە، قیمەتی نەبێت دەزگای ئاراس چاپی ناکاتەوە، هەرچییەک بێت، بەڵام ئەوەتا کتێبەکە بۆ ڕۆژی خۆی قیمەتی خۆی هەبووە، ئێستاش قیمەتی خۆی ماوە.

**ڕامان:** لەوانەیە ئەو کتێبەت کە بە زمانی عەرەبی چاپکراوە، لە سوریا و لبنان پێشوازی باشی لێ کرابێ؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** جارێک مام جەلال ئێمەی برد بۆ شام، کە بردینی پێنج شەش کەسی دیکەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بۆیە هێنابوونی سەفەرێکیان پێ بکات، ئەگینا هی ئەوە نەبوون، کابرایەکیان کە زۆر شتی قۆڕم لێ بیستووە، بەرپرسێکی یەکێتییە، دەرچووی کشتوکاڵە، ئێستا لە هەولێرە، نازانم ناوی خۆی چی بێت، کە چووینە شام، شەوێک مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم، مام جەلال شوقەیەکی هەیە بە ناوی خۆیەوەیە، تەنیا مولازم عومەری بردە شوقەکەی خۆی، ئیتر من لەگەڵ ئەوانە بووم، مام جەلال دەیوت ئاگات لێیان بێت، بیان بە چێشتخانە و شوێنان، بیان بە هۆتێلێکی وەسەت، نە گران بێ، نە هەرزان بێت، پێیانەوە خەریک بووم. شەوێک تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی تۆ لە هۆتێلی؟ وتم بەڵێ. وتی خواردووتەتەوە؟ وتم نا، وتی دەوەرە بۆ لام، خۆت بەتەنیا وەرە. چووم، جەماعەت دەبوو لەگەڵیان بچمە دەرەوە، بچینە بارێک، شوێنێک دانیشین، وتم ئەوە مام جەلال پێی وتووم بچم بۆ لای. یەکێکیان وتی ئەی ئێمە بۆ نابات؟ دەی وتم هەڵبەت ئیشێکی بە من هەیە بۆیە. باشە، چووم بۆ لای، کە چووم وتی دەچین بۆ لای فایز ئیسماعیل، کە خەڵکی ئەسکەندەروونەیە، ئەو کاتە ڕاوێژکاری یەکەمی حافز ئەسەد بوو، عەلەویشە، منی برد، کە چووم کێی لەلای بوو، ئەوە ئێستا لە چەند کەسم داوا کرد تەلەفۆنەکەیم بدەنێ، پەیدایان نەکرد، ئەحمەد ساڵح لەوێ بوو، ئێستاش بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی شامە، کوردە، مام جەلال کە دەچووینە شوێنان، بۆ لای عەبدولحەلیم خەددام، بۆ لای عەبدوڵڵا ئەحمەر چووین، ئەو منی پێیان دەناساند، ئەوە پرۆفیسۆرە و وایە و وایە و وایە، لەوێ منی تەقدیم کرد، لای فایز ئیسماعیل، هەر وتی دکتۆر عیزەددین، دوایی تێگەیشتم بۆ؟ کە کەوتینە قسە، وتم لام وایە سەدام دوو ئەرکی پێ سپێردراوە، کە دوو دوژمن بۆ عەرەب دروست بکات؛ یەکیان ئێران، کە شەڕی ئێران و عێراق ئەو دایمەزراند، ئێستا ئێرانی هەندێکیان دەڵێن سەدام بووە، عەرەب نەبووە، بەڵام بەشی زۆریان دەڵێن عەرەب بووە، کیمیایی و ئەنفالکردنی کورد، من دەڵێم سەدام بووە، بەعس بووە، بەڵام هەموو کورد وا ناڵێ، کورد زۆریان دەڵێن عەرەب بووە، هاتن کیمیاباران و ئەنفالیان کردین، کورد زۆریان ئەوانە دەڵێن، سەدام هات دوو دوژمن بۆ عەرەب دروست بکات، بەڵام دیارە وەک ئەرکێک ئەمەی پێ سپێردراوە. وتی کاغەز و قەڵەمێکم بدەرێ، وتی من فکرم بۆ ئەم حەقیقەتە چووبوو، بەڵام بەم دیقەتە نەمدەزانی، با ئەمە بنووسم، لای خۆی نووسی، ئینجا ئەحمەد منی موهیم کرد، ئەحمەد ساڵح وتی ئەمە فڵانە، کۆمەڵێک کتێب و شتی هەیە، نووسەرە، تێکۆشەرە، زۆر ستایشی کردم؛ "ومن اهم كتبه كتابه (الواقعية في الأدب الكردي) و كتابه (أحمد الخاني)" ئەمە ئەحمەد ساڵح وتی. تومەز فایز ئیسماعیل حزبێکی دروست کردووە، "الحزب القومي الاشتراكي" نازانم چی، مام جەلال پێی وت، من سەرۆک دەبینم، ئەو چوو بۆ کوێت و بێتەوە، منی ناردەوە، بۆ کوێت نەیبردم، وتی سەرۆک دەبینم، داوای چی بکەم، فایز ئیسماعیل وتی ئەم جارە داوای پارە مەکە، چونکە کە یەکێتیی دروست بوو، زۆر پارەشی داونەتێ، ئەم جارە داوای شتێک بکە کە دانانی بێت بەم حکوومەت و پەرلەمانەتان، ئێستا حکوومەت و پەرلەمانتان هەیە. مام جەلال نووسی، پاش ئەوەی دوو سێ حەفتەی پێچوو، وەفدێکی پەرلەمانی سووری هاتن لە پەرلەمانی کوردستان دانیشتن. ئەوە ئیعتیرافە، واتە ئیعتیرافیان کرد کە پەرلەمان و حکوومەتمان هەیە، ئینجا ئەحمەد

ساڵح وتی وەرە بۆ لام، ماڵەکەمان لە مەساکین بەرزەیە، لە فلان کۆڵانە، پێکەوە قاوەیەک دەخۆینەوە و کۆمەڵێک قسەش هەیە دەیکەین، باشە، من چووم بۆ لای، فیعلەن باسی کورد و سووریا کرا و وتی گوێت لێ بێت، ئەوە ئێستا تەلەڤزیۆنتان هەیە، ئەوەدەم ئەم سەتەلایەت و شتانە نەبوون، تەلەڤزیۆنتان لە کوردستان هەیە، وتی من کۆمەڵێک فیلمم بۆ داناون، لە تەلەڤزیۆن، بەرپرسی تەلەڤزیۆنی شامم، کۆمەڵێک فیلمم بۆ داناون کە کەڵکی هەبێت بۆ تەلەڤزیۆنەکەتان، وەرە قاوەیەک بخۆرەوە و دەتدەمێ. من لە دانای ئەحمەد مەجیدم پرسی، وتم ئەرێ ئەحمەد ساڵح دەناسی؟ وتی ئائا ئەو سەگبابە ئەوە ماڵەکەیەتی بەو بەرەوە، من هەر قسەی لەگەڵ ناکەم. کوڕە بابە کابرایەکە بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی شامە، لە حزبی (فایز ئیسماعیل)ـە، قسەی لەگەڵ نەکەی، ئەو زەرەری کردووە یان تۆ؟ چووم جانتایەکی گەورەی دایە دەستم، منیش دامە دەست نەسروڵڵا، کە خۆی ناو ناوە سەرکەوت، سکرتێری مام جەلال بوو، وتم ئەوە بۆ من نابرێتەوە، تۆ بیبەوە بۆ تەلەڤزیۆنی خاک، ئینجا داویەتی پێیان، نەیداونەتێ، نازانم، کامەیان بڵاو کردووەتەوە، فیلم کە کەڵکی بۆ تەلەڤزیۆنەکەی ئێمە هەبێ.

**ڕامان:** فیلمەکان چ بوون، هیچ پێوەندییان بە کوردەوە هەبوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** کۆمەڵێک فیلم بوون، کە کەڵکی بۆ تەلەڤزیۆنەکەی ئێمە هەبێت.. مەرج نییە پێوەندیی بە کوردەوە هەبێت. نازانم خۆم نەمدیون، ڕەنگە هی ئیسماعیل یاسین بێ. لەم ڕۆژانەدا من تەلەفۆنێکم بۆ ئەو برادەرە بۆ شام کرد، کە تەلەفۆنی (ئەحمەد ساڵح)م بداتێ، برادەرێک وتی تەلەفۆنەکەیت بۆ پەیدا دەکەم، بەڵام پەیدایان نەکردووە، کابرا کوردە و ئەوە هەڵوێستییەتی، بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی شامە و حزبی فایز ئیسماعیلە و هی بەعس نییە، ئیتر بۆ مەرحەبای نەکرێ؟

**ڕامان:** ناوی حزبەکەیان چییە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** (الحزب القومي الاشتراكي الوطني)، شتێکی ئاوا بوو، نازانم (فایز ئیسماعیل)یش مابێ یان نا. یەکێکیان وتی بۆ تۆ دەبات، ئێمە نابات؟ وتم من لای فایز ئیسماعیل بووم، تەنیا پێم بڵێ فایز ئیسماعیل کێیە؟ ئاخر هەرچی بێت دەیبینین. ئەو قەت ئەوەی لەبیر ناچێتەوە.

**ڕامان:** بێینە سەر زمانی ڕووسی، تۆ لەو چەند ساڵەی کە لەوێ بووی بە نووسین و بە خوێندنەوە ڕووسییەکی باش فێر بووی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نا، بە نووسین قورسە، چونکە زمانێکی قورسە، بتەوێ تۆ بە گەورەیی فێری ببی، ئەوە یەکسەر فێر نابی، دەنا من ئێستاش لەبیرم ماوە، ئێستاش پێی دەخوێنمەوە.

**ڕامان:** ئاخر زۆر کتێبیشت لە ڕووسییەوە تەرجەمە کردووە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵێ، تەرجەمەش دەکەم، بەڵام چووینە لای شەفاعەت مەهدییێف، ناوەکەیم بیر ماوە، سەرۆکی زانکۆی باکۆ بوو، کە ئێمە چووین، من و نەسرین فەخری، بانگی کردین بۆ لای خۆی، لە قسەدا لە منی پرسی چەند زمان دەزانی؟ وتم دوو زمان، کوردی و عەرەبی، وتی ئەوە بە ڕووسی قسە دەکەی؟ وتم زانین لای من ئەوەیە پێی بخوێنی و پێی بنووسی، من وابزانم عەرەبییەکەم وەک کوردییەکەم وایە بۆ نووسین، خەڵکیش پێی وایە کە عەرەبی نووسینەکەم باشە. وتی ئەوە نییە بە ڕووسی قسەم لەگەڵ دەکەی؟ وتم قسە دەکەم، دەشخوێنمەوە، بەڵام بێم یەکسەر دانیشم بە ڕووسی بنووسم، نا.. بەشی ئەوە ئازەربایجانیش دەزانم. لە نەسرین فەخری پرسی، تۆ چەند زمان دەزانی؟ وتی نۆ زمان دەزانم. وتی چی و چی؟ وتی کوردی، عەرەبی، ئازەربایجانی، تورکمانییەکەی کەرکووک شتێکی لێ دەزانی، ڕووسی، فەڕەنسی. من دوو ساڵ فەڕەنسیم لە کوللیە خوێندووە، ئێستاش کۆمەڵێک وشەم لەبیر ماوە. مادام بەسیر، ژنی محەمەد مەهدی بەسیر، کە زانایەکی گەورە بوو، دەرسی فەڕەنسی پێ دەوتین. نەسرین فەخری بیری لەوە دەکردەوە، کە پاش ئەو زمانانە چی بڵێت. وتی فەڕەنسی لە کوێ فێر بووی؟ وتی باوکم فێری کردووم، باوکی لە سپادا عەریف بوو، لەو عەریفانە بوو، کە بەکر سدقی کردنی بە ئەفسەر، کاتی خۆی کۆمەڵێک عەریفی کرد بە ئەفسەر.

**ڕامان:** هەموویان کورد بوون؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، کورد بوون، چونکە دەیویست بە زۆری سپا بکاتە کورد (تكريد الجيش) بکات، ئیبراهیم ئەلڕاوی دەڵێت (هوت تحقيق أهدافه في تشكيل دولة كردية)، لیوا ڕوکن خۆشی نەدەویست، دەیوت (كان يريد تكريد الجيش، بغية تحقيق اهدافه في

الدولة الكردية)، خاڵی ڕووناکی خێزانم حەمید قەرە، مێردی منیرە خان، ئەو ساڵە لە کوللیەی عەسکەری قبوولّ کرابوو، دەیوت لە سەدا حەفتامان کورد بووین، ئەوە ساڵی ١٩٣٦ـە، ئینجا ئەوە لە کاک مەسعوود بارزانی م پرسی، وتم ئەرێ ئێستا ئێمە هەرچەندە کوللیەی عەسکەریی زاخۆ و قەڵاچوالانمان هەیە، بەڵام ئێستا بە حەقی خۆمان قبوولّ بکرێین، چەندمان لە بەغدا بەردەکەوێت؟ وتی بە حەقی خۆشمان بێ سەدا بیستمان بەر ناکەوێت، ئینجا ئەو لێی پرسیم بەکر سدقی خەڵکی کوێیە؟ وتم خەڵکی عەسکەرە. وتی ئەم عەسکەرەی لای دەربەندی بازیان؟ وتم ئا، ئەو شارەزای کوردستانە، وتم خەڵکی ئەوێیە، فیعلەن ئامانجی دەوڵەتی هەبوو.

**ڕامان:** بێنەوە سەر د. نەسرین فەخری کە وتی باوکم فێری فەڕەنسی کردووم؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵێ، باوکی دەیوت عەدنانی خەزوورم، یانی عەدنانی زاوای، کوردییەکەیشی ئەوها بوو.

**ڕامان:** ئەوە ڕووسییەکەمان زانی، ئەوەش عەرەبییەکە، کە لە کوللیە خوێندت و فێری بووی و پێی دەنووسی، بێجگە لەمانە زمانانی تورکی، فارسی و چیتر دەزانی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** فارسی بە باشی دەخوێنمەوە و تێدەگەم و قسەشی پێ دەکەم، بەڵام ئەو زانینە نییە، بڵێم وەک کوردی و عەرەبییەکەیە، ئازەرییەکە دەزانم و قسەی پێ دەکەم، تورکییەکە قسەی پێ دەکەم.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ زمانی ئینگلیزی چۆنی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئینگلیزییەکەم زۆر باش نییە، بەڵام خوێندوومانە، لە پێنجی سەرەتاییەوە ئینگلیزی دەخوێنرا، پێنجی سەرەتایی و ناوەندی و لە کوللیە خوێندوومانە، بەڵام ئەوەی ئینگلیزی پێ دەوتین، خۆی باشی نەدەزانی. مامۆستایەکی هەولێریمان هەبوو، عومەر ساقی ناو بوو، ئەو ئینگلیزیی پێ دەوتین، لەوانەیە خۆی بە باشی ئینگلیزی نەزانیبێت، بەڵام بۆ ئەو کاتە:

where are you going? what is your name?

شتێکی سەرەتایی بوو، بەڵام دواییش بەردەوام بووم تێیدا، وردەیەکیش دەخوێنمەوە، بەڵام ئەو زانینەی کە پێی بنووسم، ئەوە نییە.

**ڕامان:** جاران پێش ڕاپەڕین بۆ خوێندنی باڵا حکوومەتی عێراق زمانی سەرەکی بێجگە لە زمانی عەرەبی، دەبوایە زمانێکی زیندووش بزانیت، ئێستا ئەو زانکۆیانەی لای ئێمە ئەو مەرجەیان لا بردووە، یانی بەلایانەوە گرنگ نییە، فەڕەنسی، یان ئینگلیزی بزانی، هەر یەکسەر شرەعەرەبییەک، شرەکوردییەک بزانی لەلای ئەوان تەواوە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئێ، ئەو هەموو زانکۆ و بەزموڕەزمە دروست بووە، بۆیە بووە بە گاڵتەجاڕ.

**ڕامان:** ئەوە کێ ئەو بڕیارەی داوە بەو شێوەیە ئاستی زانستی بێتە خوارێ و زانینی زمانێکی زیندووی بەلاوە ناوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** شتێک هەیە هەموو جارێ بیری (دڵشاد عەبدولڕەحمان)ی دەخەمەوە، ئەو پێم دەڵێ ئەوەت لە دڵ دەرناچێت. دەڵێم لەبیرم ناچێتەوە، لە دڵم دەرچووە. لە یۆنسکۆ نەدوەیەکیان بۆ کورد کردبوو، تەلەفۆنێکیان بۆ من کرد، کە تۆ بانگ کراوی بێی بۆ پاریس، لە یۆنسکۆ دەعوەت کراوی، تەنانەت بیرمە لە هەولێر دەچیتە ناو بازاڕەوە، دوکانێک هەیە، سەیرە، وتیان بیتاقەی بانگهێشتنەکەی تۆ لەوێیە، کە چووم بۆ بیتاقەکە، کابرا دوکانی بەقاڵی و شتی هەیە، وتم ئەرێ ئەوە دوکانی فلانە؟ وتی ئا، یەکسەر وتی تۆ فلانی؟ وتم ئا، وتی ئەوە بیتاقەکە. وتم یانی چی دوکانی بەقاڵی و ئەوەش دەکەی؟ بیتاقەکەی دامێ، چووم بۆ پاریس و هاتمەوە، لەوێ دڵشاد عەبدولڕەحمان و دکتۆر ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵا هاتبوون، ئەوە منیشی تێدا بووم، دڵشاد لە هۆڵەکەدا بە من دەڵێ چی؟ ئەوە کێ تۆی بانگ کردووە؟ وتم یۆنسکۆ بانگیان کردووم، دیارە منیشیان بە شتێ زانیوە، باسیشم لەوێ هەبوو و قسەی خۆیشم کرد، تەرجەمە کراوە. سەعدی دزەیی، ئەویش لەوێ بوو، ئیتر هەرکەسێک بێ، منیش دەعوەت کراوم، ئێستا زۆرجار دەڵێ، ئەوەت لە دڵ دەرناچێت، دەڵێم لەبیرم ناچێتەوە، لە دڵم دەرچووە، هەر ئەوەڵێش لە دڵم نەگرتووە، تۆ بەو نەوعە بە منت وت، کێ تۆی بانگ کردووە، کە تۆ بۆ نەدوەیەکی وا لەسەر کورد هیچ وەختێک بۆ ئەو ئیشەش لە من لەپێشتر نەبووی.

**ڕامان:** تۆ کوردییەکەت زۆر ڕەوان و جوانە، ئەو کوردییە سەرچاوەکەی لە کوێوە هاتووە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ڕەنگە باوکم بێت.

**ڕامان:** بێجگە لە باوکت، خوێندنەوەی چی بۆ کوردیی زانین بە باش دەزانی؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئێمە سەرەتاییمان بە کوردی خوێند، کە چووینە ئامادەیی بوو بە عەرەبی و کوردی نەما، بەڵام حەمەی حەلاو، کەریم زەند، ئەمانە کە دەرسیان پێ دەوتین، کوردییەکی باشیان فێر کردین، مامۆستای کوردییەکانمان باش بوون. کۆمەڵێک مامۆستامان هەبوو، عومەر ساقی، ئینگلیزی پێ دەوتین، جەلالەفەنی (جەلال مەلا کاکە حەمە)، کاکە جەلالمان پێ دەوت، جەلالی مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا، ئەو بەڕێوەبەرمان بوو، فواد ڕەشید بەڕێوەبەرمان بوو، دەرسیشی پێ دەوتین.

**ڕامان:** بێجگە لە مامۆستاکانتان کە دەرسیان پێ دەوتن، خوێندنەوە و کتێب و سەرچاوە هەبوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئا، هەبوو، بەڵام زۆر نەبوو، ئەوەی دەستمان دەکەوتن، دەمانخوێندنەوە.

**ڕامان:** هەموو کتێبێکی کوردیتان بە دەست دەکەوت؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئیتر ڕێکەوت بوو، باوکم کتێبخانەیەکی باشی هەبوو.

**ڕامان:** ئەی ڕۆژنامەکانی وەک (ژین) و (ژیان) و گۆڤاری گەلاوێژ، ئابوونەی ساڵانەتان لەگەڵیان هەبوو؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئیتر ئەوە بە دایمی دەمانخوێندنەوە، دەمانکڕین، دەستمان دەکەوتن.

**ڕامان:** ئەی دەوری فۆلکلۆر و چیرۆک و ئەفسانە و بەیت و ئەمانە، کاریگەرییان لەسەر کوردیی فێربوون هەیە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** ئەوەش هەڵێکە بۆ فێربوون، کاریگەریی هەیە.

**ڕامان:** من ئاگام لێیە تۆ لە ژمارەیەکی ساڵی ١٩٧١ی گۆڤاری (بەیان)دا، لەسەر زمان کونجێکت نووسیبوو، لەوساوە تا ئیستا ڕەنگە پازدە بیست جاریش ئەو بابەتەی تۆ باست کردبوو دووبارە و دەبارە کرابێتەوە، کە ئێمە نابێ بڵێین هەڵسام و هەڵدەستین و هەڵدەستم کە (قام یقوم و اقام)ی عەرەبییە، چونکە لەوێوە هاتووە، ئێستاش خەڵک هەر سوورن لەسەر ئەوەی (هەڵدەستن بەو کارە) دەنووسن و دەستی لێ بەرنادەن؟!

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** دەڵێین لە دیمەشق و لە حەلەب.. کورد دەڵێ، لە شام و لە حەڵەب، سەد جار ئەوەم پێ وتوون، بەڕێوەبەری ئێزگەی گەلی کوردستان، پێم وت کاکە من تۆزێک کوردی دەزانم، وتی تۆ مامۆستای کوردی و تۆ گەورەی.. وتم پێیان بڵێ بەقسەم بکەن، کورد دەڵێ لە شام و لە حەڵەب.

**ڕامان:** ئەوان بەردەوام دەڵێن لە دیمەشق و حەلەب و هەڵەکە دووبارە دەکەنەوە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** دەڵێن لە دیمەشق و لە حەلەب، گەلی کوردستان هەموو جارێ دووبارەی دەکاتەوە، (شام شەکرە وڵات شیرینترە)، سوورییەکم نەدیوە بڵێ دیمەشق، من لەوێ ژیاوم، (انا من الشام، ناظر الشام، بلاد الشام)، لبنان و ئەردەن و سوورییایە، لە ڕەسمیاتدا دیمەشق بەکار دێت، ئەگینا لە دیمەشق و لە حەلەب، لە شام و لە حەڵەبە، دوای ئەوە چەند جار پێم وتوون، کەچی دوێنێ شەویش دووپاتیان کردەوە، دیسان گەلی کوردستان وتی لە دیمەشق و لە حەلەب، ئەم تەلەڤزیۆنە قۆڕانە، ئەم کوردییە سەقەتە بەکاردەهێنن.

**ڕامان:** ئەم کوردییەی ئەمڕۆکە پاشاگەردانییەکی زۆری لە نووسین و لە ڕۆژنامەوانی و لە تەلەڤزیۆن و لە ڕادیۆ و لە کتێبدا پێوە دیارە، تەنانەت لە بەرنامەی خوێندنی قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا، بەڕاستی کوردییەکی شەپڕێوە.

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** نانا، زمانی کوردی وێران کراوە و من پێش هەموو شتێک خەفەتی کوردییەکە دەخۆم، ئەوە پسپۆڕییەکەمە، هەرچییەک بێت دەیزانم، بەڵام چی دەکەی، ئاوایە، ئەم هەموو کەناڵەی حزبەکان هەیە، ئەم هەموو کەناڵانە بۆ چین؟

**ڕامان:** تۆ بێجگە لە نووسینەکانت، ئەو کتێبانەی بە کوردی نووسیوتن، هەموویان دەبێ ببن بە سەرچاوە بۆ ئەو کوردییە ڕەوان و پاک و جوانە بگەڕێنەوە سەریان، تێبینیم کردووە بەردەوام کونجێکیشت لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا هەبووە، وەک خەمخۆرێک، پەرۆشێک بۆ زمانی کوردی هەڵەکانت ڕاست کردووەتەوە، باشە ئەمە کاریگەریی مستەفا جوادی بەسەرەوە نییە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** با، (قل ولا تقل)، ئینجا مستەفا جواد دوو شتی هەیە، تا مردیش ئەو دوو شتە نەدەزانرا، یەکیان ئەوەیە کە کوردە.

**ڕامان:** خۆی ددانی پێدا دەنا کە کوردە؟

**د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ:** خۆی نەیوتووە کوردم، نەشی وتووە عەرەبم.